زنجيرەی پەروەردەو بانگەواز

(٨)

# چۆن کاریگەر دەبیت بە قورئانی پیرۆز و چۆن لەبەری دەکەیت ؟

## كيف تتأثر بالقرآن الكريم وكيف تحفظه ؟

نووسینی : أبي عبدالرحمن عدلي الغزالي

وەرگێڕانی : حكيم أبو بكر على

پێداچونەوەی : مامۆستا خليل أحمد

==========================================================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

١٤٢٨ کۆچی

✍ ناوی کتێب بە عـەرەبی : کیـف تتـأثر بـالقرآن الکـریم و کیـف تحفظه ؟

✍ ناوی نووسەر : أبي عبدالرحمن عدلي الغزالي

✍ ناوی کتێب بەکوردی: چۆن کاریگەر دەبیت بـە قورئـانی پـیرۆز و چۆن لەبەری دەکەیت ؟

✍ ناوی وەرگێڕ : حکیم أبو بکر علی

✍ بەڕێوبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی : سایتی بەهەشت

✍ کۆمپیوتەر : سایتی بەهەشت

✍ دیزاینی بەرگ : جلیل کەلاری www.ba8.org

✍ زنجیرەی پەروەردەو بانگەواز –ژمارە- ( ٨ ).

✍ نۆرەو ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٢٨ ك ٢٠٠٧ ز

✍ ژمارەی سپاردن : ( ٨٧٩ ) .

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
ماڵێك بۆ خواپەرستان

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له .

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ [ آل عمران : ١٠٢ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [ النساء : ١ ] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [ الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١ ] .

أما بعد :فإن خير الحديث كتاب الله ، وخير الهدي هدي محمدٍ (ﷺ) وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالةٍ في النار ، وبعد ...

## پێشەکی :

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴾ ( سورة البقرة : ١٢١ ) .

وە ( عوثمان ) ی کوڕی ( عفان ) رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري ) .

واتە : باشترینی ئێوە ئەوەتانە کە قورئانی پیرۆز فێر بێت ، و فێری خەڵکیشی بکات .

وە لە ( أبو أمامة )ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی : " اقرؤوا القرآن ، فإنه ياتي شفيعا لأصحابه " ( رواه مسلم ) .

واتە : قورئانی پیرۆز بخوێنن ، چونکە لە ڕۆژی دوایدا دەبێت بە شفاعەتکار بۆ خاوەنەکانی .

وە لە ( عمر ) ی کوڕی ( خطاب ) ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن الله يرفع بهذا القرآن أقواما ، ويضع به آخرين " ( رواه مسلم ) .

واته : خوای پەروەردگار بەم قورئانە پیرۆزە پلە و پایەی کەسانێك بەرز دەکاتەوە ، و هەر بە هۆی ئەم قورئانەشەوەیە پلە و پایەی کەسانێکی تر نزم دەکاتەوە .

وە لە ( عبدالله ) ی کوڕی ( عمرو ) ی کوڕی ( عاص ) ﵁ لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " يقال لصاحب القرآن : إقرأ ، و ارتق ، و رتل ، فإن منزلتك عند آخر آية تقرؤها " ( رواه أبو داود والترمذي ، وصححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٨١٢٢ ) .

واتە : لە ڕۆژی دوایدا بە قورئان خوێن دەووترێت : بخوێنە و ، بەرزببەوە ، بەدوای یەکدا بیخوێنە، چونکەپلە و پایەی تۆ لە لای ئەو ئایەتەیە کە لە کۆتایدا دەیخوێنیتەوە .

**برای خۆشەویستم** : ئەوە بزانە کە چەند ڕوو بکەیتە قورئانە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگار ، خوای گەورەش ئەوەندە ڕووت لێدەکات ، و چەندیش دوورە پەرێز ، و پشت لە قورئان بیت ، خوای گەورەش ئەوەندە دوورە پەرێز ، ڕووت لێ وەردەگێڕێت ، وە چەندیش پەیوەست ، و لە گەڵ قورئاندا بیت ، ئەوەندە پلەو پایە بەرز و کامەران دەبیت لە بەهەشتی خوای پەروەردگار ، خەبابی کوڕی ئەرەت ﵁ بە پیاوێکی فەرموو : نزیک بەرەوە لە خوا ئەوەندەی دەتوانیت ، ئەوەش بزانە ئەوەندەی کە بە هۆی ووتە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگاروە لە خوا نزیک دەبیتەوە ، بە هیچ

شتێکی تر ئەوەندە نزیك نابیتەوە لێی ، لە لای خوای پەروەردگار خۆشەویست تر بێت لە ووتەکانی .

عوسمانی کوڕی عەففانیش ﵁ فەرموویەتی : ئەگەر دڵەکانتان پاك بکەنەوە ئەوا قەت تێر ناخۆن لە خوێندنی قورئان .

یەکێك لە پێشینان ( **سلف** ) ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ بە قوتابیەکەی فەرموو : ئایا قورئانت لەبەر کردووە ؟ ووتی : نەخێر ، ئەویش فەرمووی : بڕواداریت و قورئانیشت لەبەر نییە !!! ئەی چۆن هەست بە نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار دەکەیت ؟! ئەی چی دەخوێنیتەوە ؟ ! ئەی بە چی داوا لە خوای پەروەردگار دەکەیت !؟

پێشەوا ( **ابن القیم** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی : هەندێك لە پێشینان فەرموویانە : قورئان بۆ ئەوە دابەزیوە کە ئیشی پێ بکرێت ، بۆیە هەڵگرانی ئەم قورئانە ئەوانەن کە ئیشی پێدەکەن ، و کرداریش بە ناوەڕۆکەکەی دەکەن ، با لەبەریانیش نەبێت ، بەڵام ئەوەی لەبەریەتی و لێی تێنەگەیشتووە و ئیشی پێ ناکات ، ئەوە لە هەڵگرانی قورئان نین هەرچەندە هەر هەموو پیتەکانیشی بە ڕێك و پێکی بخوێنێتەوە .

## برای خۆشەویستم :

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت چەند سوودو ئامۆژگارییەکی تێدایە بۆ ئەوەی یارمەتی دەری تۆی بەڕێز بێت ، بۆ کاریگەر بوونت

به قورئانی پیرۆز ، و بشتوانی قورئانی پیرۆز لەبەر بکەیت ، داوا کارم لـه خـوای گـەورە کـە سـوودی لێ ببینیـت لـە دونیـا و دوا ڕۆژیشـدا ، وەداواکارم لە خـوای پـەروەردگار کـە وامـان لێ بکـات کردەوەکانمـان تەنها لە بەر ڕەزامەندی خۆی ئەنجامی بدەین .

﴿ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ ( سورة البقرة : ١٢٧ ) .

﴿ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ ( سورة البقرة : ٢٠١ ) .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

# پێناسەی قورئانی پیرۆز

## ١- پێناسەکە لە زمانەوانی دا :

ووشەی قورئان لە زمانی عەرەبیدا چاوگێکی هاو واتای ووشەی ( **قراءة** ) یە ، خوای گەورەش ئاماژە بەوە دەکات و دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ ﴾ ( سورة القيامة : ١٧- ١٨ ).

وە ووتراوە : لە ووشەی ( **قرأ** )ەوە داتاشراو و وەرگیراوە ، کە بەواتای خوێندنەوە دێت .

ووتراویشە : لە ووشەی ( **قرأ** )ەوە داتاشراو و وەرگیراوە ، کە بەواتای کۆکردنەوە دێت ، هەروەك عەرەب دەڵێت : ( قرى الماء في الحوض إذا جمعه ) .

## ٢- پێناسەکەی لە ڕوانگەی شەرعەوە :

**" هو كلام الله ـ سبحانه وتعالى ـ غير مخلوق ، المنزل على النبي محمد ﷺ باللغة العربية المعجزة المؤيدة له ، المتحدى به العرب ، المتعبد بتلاوته ، المنقول إلينا بالتواتر ".**

واتە : قورئان ووتەی خوای پەروەردگارە و دروست کراو نییە و دابەزێنراوە بۆ پێغەمبەری خوا محمد ﷺ بەزمانی عەرەبی و دەرئاسایەکی ( **معجزة** ) پشت گیری لێ کراوە و تەحەدای عەرەبی پێ

کــراوه ، وه خوێنــدنی پەرستشــه و بــەشێوەی تــەواوتر پێمــان گەیشتەوه ـ واته به هیچ شێوەیەك گومــان له گەیشتنەکەی نییه ، و وەکو خۆی بەئێمەش گەیشتووه ـ .

خوای گەوره فەرمویـەتی :﴿ ... يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا كَلَامَ اللَّهِ ... ﴾ ( سورة الفتح : ١٥ ) .

**هەروەها** فەرمویـەتی : ﴿ وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴾ ( سورة الشعراء : ١٩٢ ــ ١٩٥ ) .

## جۆرەکانی وازهێنان و پشت گوێ خستنی قورئان :

پێشەوا ( **ابن القيم** ) ـ ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت ـ لـه کتێبـی ( **الفوائد** ) دا باسی پێـنج جـۆر پشـت گـوێ خسـتنی قورئانمـان بـۆ دەکات ، داواکارین له خوای گەوره که ئێمه لەوانه نەبین :

١ – وازهێنان و پشت گوێ خستنی له **بیستن و باوەڕ پێ بوون و گوێ لێ گرتنی** .

٢ – وازهێنان و پشـت گـوێ خسـتنی لـه **ئـیش پـێ کردنـی و وەسـتان لـه سـەر سنوری قەدەغـەکرا ( حـەرام ) و حـەڵاڵ یـەوه** ، بابیشیخوێنێتەوه ، و باوەڕیشی پێ بێت .

٣ – وازهێنان و پشت گوێ خستنی لە **دادگەری کردن بۆ لای ئەو لە وورد و درشتی ئایین ، و پێشی وا بێت کە نامانگەیەنێتە دڵنیا بوون ( الیقین ) ، و بەڵگەکانی ڕووکەشین ، و ناگەنە پلەی زانستی** .

٤ – وازهێنان و پشت گوێ خستنی لە **تێڕامان و تێگەیشتن و شارەزا بوونی ئەوەی کە بێژەرەکەی چی دەوێت لێی** .

٥ – وازهێنان و پشت گوێ خستنی لە **تیمار و چارەسەرکردنی هەموو نەخۆشی یەکانی دڵ و دەروون** ، و داوای چارەسەر لە غەیری قورئان دەکات ، و واز لە قورئانی پیرۆز دێنێت لە چارەسەر کردنی نەخۆشی یەکانی دڵ و دەروونی ، خوای پەروەردگاریش ئاماژە بە هەموو ئەم واز هێنان و پشت گوێ خستنانە دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾ ( سورة الفرقان : ٣٠ ) .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ سکالا دەکات لە لای پەروەردگاری و دەفەرموێت : پەروەردگاری من بەڕاستی قەومەکەم وازیان لەم قورئانە هێناوە و پشت گوێیان خستووە و گرنگی پێنادەن .

ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە وازهێنان و پشت گوێ خستنی هەندێکیان بۆ قورئان سوکترە لە هەندێکی تریان .

# چاكەكانی قورئانی پیرۆز و خوێنەرانی

سەبارەت بە چاكەی قورئانی پیرۆز و هاندان بۆ خوێندنەوەی و تێڕامان و كاریگەر بوون پێی ، چەندەها ئایەت و فەرموودە و ووتەی پێشینە پیاوچاكانی ئەم ئوممەتە بەزۆری هاتووە ، ئێمە لێرەدا ئەوەندەی لێ باس دەكەین كە ڕوونكەرەوەی مەبەست بێت :

**یەكەم : ئەو ئایەتانەی كە هانمان دەدەن بۆ خوێندنەوەی قورئان و تێڕامان لێی و كاریگەر بوون پێی :**

بیربكەرەوە لەم ئایەتە ڕوون ئاشكرایانە و تێڕابمێنە لێیان بە دڵ و دەروونت :

١- خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴾ ( سورة الزمر : ٢٣ ) .

واتە : خوای گەورە جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە كە ئەم قورئانەیە ، ( لە جوانی داڕشتندا ) بابەتەكانی لە یەك دەچن هەندێك باسیشی بە شێوازی جیاواز تێدا دووبارە بووەتەوە ، جا كاركردی ئەم قورئانە ئەوەیە كە : تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو كەسانەدا كە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و

دەروون دا هەيە ، پاشان گيان و پێست و دڵيان نەرم و ئامادەو چالاك دەبێت بۆ يادى خواو خواپەرستى ئا ئەوە هيدايەت و ڕێنمووى خوايە كە هەركەس شايستە بێت هيدايەت و ڕێنمووى دەكات بۆ ئەو پلەو پايە بەرزانە ، ئەوەش كە ڕێبازى خوا ون بكات كەس نىيە ڕێنمونى بكات .

٢- وەخواى گەورە فەرموويەتى : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾ ( سورة الأنفال : ٢ـ ٤ )

واتە : بێ گومان ئيماندارانى ڕاستەقينە تەنها ئەوانەن :

( **يەكەم** ) كە كاتێك ناوى خوا برا ، ئەوە دڵەكانيان دەترسێت و دەهەژێت .

( **دووهەم** ) كاتێكيش ئايەت و فەرمانەكانى ئێمەيان بەسەر دا بخوێنرێتەوە ، ئەوە ئيمان و باوەڕيان زياد دەكات.

( **سێهەم** ) — لە هەموو كارو بارێكيشيان دا- هەر پشت بە پەروەردگارى خۆيان دەبەستن.

( **چوارەم** ) ئەوانەن كە نوێژەكانيان بە چاكى ئەنجام دەدەن .

( **پێنجەم** ) هەندێك لەو ڕزق و ڕۆزىيەى پێمانداون ، دەبەخشن و سەرفى دەكەن ... ئا ئەوانە هەر خۆيان ئيماندارانى

**ڕاســـتەقینەن ، چـــەندەها پلـــەو پایـــەی بـــەرزیان بـــۆ هەیـــە لای پـــەروەردگاریان و لێخـــۆش بـــوون و ڕزق و ڕۆزی هەمیشـــەیی لەگـــەڵ ڕێزدا.**

**٣- هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ ( سورة يونس : ٥٧ )

**ئـــەی خەڵکینـــە ، بەڕاســـتی ئێـــوە ئامۆژگاریـیـــەکی گـــەورەو گرنگتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە ( قورئانە) شـیفا و چارەسەریشـــە بـــۆ نەخۆشـــی دڵ و دەروونـــەکان و ڕێنیشـــان دەرو ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران.**

**٤- وەخوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَارًا﴾( سورة الإسراء : ٨٢ )

**ئێمە لە قورئان ئایەت و سورەتانێك دادەبـەزێنین ، کـە ببێتـە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشـیـیە دەروونی جەستەیەکان هەروەها ڕەحمـــەت و میهرەبـــانیش ، بـــۆ ئیمانـــداران ، بـــۆ ســـتەمکارو خوانەناسانیش تەنها زیاد کردنی زەرەرو زیان نەبێت هیچی تری نی‌یە ، هیچ بەهرەو سوودێکی لێ نابەن .**

**٥- وه خوای گەوره فەرموويەتی :** ﴿ إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا وأَنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾ ( سورة الإسراء : ٩ – ١٠ )

**بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بە خشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە ، مژدەش دەدات بەو ئیماندارانەی کە کارو کردەوە چاکەکان دەکەن کە بێگومان پاداشتی زۆرو بێ سنوور چاوەڕێیانە ، بەڕاستی ئەوانەش کە باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ناهێنن، سزایەکی بەئێش و ئازارمان بۆ ئامادە کردوون .**

**٦ ـ هەروەها خوای گەوره فەرموويەتی :** ﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ ](سورة ص:٢٩).

**واتە:ئەمە کتێبێکی پیرۆزەکەبۆمان ناردووی تا لەئایەتەکانی بیربکەنەوە،وەخاوەن مێشك و ژیرەکان بیری لێ بکەنەوە.**

**٧ ـ وه خوای گەوره فەرموويەتی :** ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾(سورةالقمر:١٧).

**واتە:وەبەڕاستی ئێمە قورئانمان بۆ پەند لێ وەرگرتن ئاسانکرد،جا ئایا پەندلێ وەرگرێ هەیە.**

**٨ ـ وه خوای گەوره فەرموويەتی :** ﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ

لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾(سورةالحشـــر:٢١) **واتـه:ئەگەرئێمـە ئـەم قورئانـەمان بناردایەسـەرکێوێك ئـەت دی کەلەترسـی خـوا لـەت ئەبو،وەئـەم نموونانە بۆ خەڵکیٚ دێنینینەوە بەڵکوبیربکەنەوە**

## دووەم : چــەند فەرمووەدەیــەك كــە هانمـــان دەدەن بـــۆ خوێندنەوەی قورئان و تێڕامان لێی و کاریگەر بوون پێی :

**١ ـ** عن عثمان بن عفان رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال : خيركم من تعلم القرآن وعلمه (رواه البخارى والترمذي وابوداود).

**واتــە : باشـترینتان ئـەو کەسـەیە کـە قورئـان فێـر دەبێـت و خەڵکیش فێر دەکات .**

**٢ ـ** وعن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قال : قال رسول الله ﷺ مثل المؤمن الذي يقرأ القرآن مثل الأترجة ريحها طيب وطعمها طيـــب ومثـــل المؤمن الذي لا يقرأ القرآن كمثل التمرة لا ريح لها وطعمها حلو ومثـــل المنافق الذي يقرأ القرآن مثل الريحانة ريحها طيب وطعمها مر ومثل المنافق الذي لا يقرأ القرآن كمثل الحنظلة ليس لها ريح وطعمها مر " رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وابوداود.

**واتـــە : نموونـــەی بـــڕوا داری قورئـــان خـــوێن وەك نموونـــەی (شـــەمامە) یـــە ، بـــۆنی خۆشـــەو تامیشـــی خۆشـــە ، وە نموونـــەی ئـــەو بڕوادارەی کە قورئان ناخوێنێت وەك خورما وایـە بـۆنی نـی یـە بـەڵام تـامی شـرینە ، وە نموونـەی دووڕوو (منـافق) ی قورئـان خـوێن وەك**

ڕەیحانە وایە بۆنی خۆشە و تامی تاڵـە ، وەنموونـەی ئـەو دووڕووەی کە قورئان ناخوێنێت وەك گوژاڵکە وایە بۆنی نی یەو تامیشی تاڵە .

**٣- وەپێغەمبەرﷺ ئومەتەکەی ئاگادار کردۆتـەوە بەتوندی لـە لـە بیرچـوونەوەی قورئـان،لـە ئەبوموسـای ئەشـعەری رضي الله عنه کـە فەرمویـەتی: پێغەمبـەرﷺ فەرموویـەتی:"تعاهـدوا هـذا القـرآن فوالذي نفسي بيده لهوا أشد تفلتا من الأبل في عقلها"**رواه البخاري ومسلم.

**واتە:ئـەم قورئانـە بـەردەوام دووبـارەی بکەنـەوەو بیخوێننـەوە، بـەو کەسەی کەگیانی منی بەدەستە قورئـان وون بـوون و نـەمانی زۆرتـرە لەو بەچـکە وشـترەی کەبەسـتراوەتەوەئەگەر پەتەکـەی لێ بکەیتـەوە وئەیەوێ هەڵبێ.**

**٤-** وعن عائشة رضي الله عنها قالت قال رسول الله ﷺ المـــاهر بالقرآن مع السفرة الكرام البررة والذي يقرأ القرآن ويتتعتع فيه وهو عليـــه شاق له أجران "رواه البخاري ومسلم واللفظ له وأبو داود والترمذي والنسائي وابـــن ماجه .

**واتە : کەسێ کە بە جوانی و بـە ڕەوانـی قورئـان بخوێنێتـەوە لەگـەڵ مەلائیکـە پـاك و بـەڕێزەکان دا دەبێـت و کەسـێکیش قورئـان دەخوێنێـت و دەمـی تەتەڵـە دەکـات و بەلایـەوە زەحمەتـە ئـەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە .**

**٥- وه له** ( عمر ) **ی كوڕی** ( خطاب ) **هوه ﷺ دهگێڕنهوه ، كه پێغهمبهری خوا ﷺ فهرموویهتی :** " إن الله يرفع بهذا القرآن أقواما ، ويضع به آخرين " ( رواه مسلم ) .

**واته : خوای پهروهردگار بهم قورئانه پیرۆزه پله و پایهی كهسانێكی زۆر بهرز دهكاتهوه ، و ههر به هۆی ئهم قورئانهشهوهیه پله و پایهی كهسانێكی تر نزم دهكاتهوه .**

**٦-** وعن عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما قال : قال رسول الله ﷺ يقال لصاحب القرآن اقرأ وارق ورتل كما كنت ترتل في الدنيا فإن منزلك عند آخر آية تقرؤها" رواه الترمذي وأبو داود وابن ماجه وابن حبان في صحيحه وقال الترمذي حديث صحيح .

**واته : له ڕۆژی قیامهت دا به قورئان خوێن دهوترێت بخوێنهو بهرز بهرهوه و به ڕهوانی و بهدهنگهوه بیخوێنهرهوه ههر وهك چۆن له دنیادا دهت خوێندهوه چونكه شوێن و مهنزڵگهی تۆ له دواههمین ئایهتدایه كه دهیخوێنیتهوه .**

**٧ -** وعن عبد الله بن مسعود ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ من قرأ حرفا من كتاب الله فله به حسنة والحسنة بعشر أمثالها لا أقول الم حرف ولكن ألف حرف ولام حرف وميم حرف " رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح غريب

**واته : هەر كەسێك پیتێك لـه كتێبەكـەی خـوا بخوێنێـت (كـه قورئانـه) ئـەوا چـاكەیەكی بـۆ هەیـه وه چـاكەش بـه ده ئەوەنـدەی خۆیەتی ناڵێم (الم) پیتێكه بـەڵكو (ئـەلیف) پیتێكـه و (لام) پیتێكـەو (میم) پیتێكه .**

**٨ ـ** وعن أبي أمامة الباهلي ﷺ قال : سمعـــت رســـول الله ﷺ يقول اقرؤوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابه " رواه مسلم

**واته : قورئان بخوێنن چونكه قورئان له ڕۆژی قیامەت دا دێت و دەبێتـه تكاكـار بـۆ خاوەنەكـەی (واتـه ئـەو كەسـەی كـه لـەدنیادا خوێندویەتی)**

**٩ ـ عن عبدالله بن عمربن الخطاب رضـي الله عنهمـا عـن الـنبي ﷺ قال : ((لاحسد الا فی اثنين:رجل أتاه الله القرآن فهـو يقـوم بهـا أناءالليل وآناء النهار،ورجل أتاه الله مـالاًفهو ينفقـه آنـاء الليـل وآنـاء النهار))**رواه البخارى ومسلم.

**واتە: حەسوودی دروست نیه مەگەر لەدووشتدا نـەبێت:پیاوێك خوای گـەورە قورئـانی پێـداوەو فێـری كردووەئـەویش كاتـژمێرەكانی شەوو كاتـژمێرەكانی ڕۆژ هەڵدەسـتێ بـەكاركردن پێـی.وەپیـاوێكیش خوای گەورە ماڵی پێداوەو ئەویش كاتژمێرەكانی شەوو كاتژمێرەكانی ڕۆژ لێ ی ئەبەخشێ**

**١٠ ـ عن أبي هريرةرضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: ((....وما أُجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله عزوجل،ويتدارسون بينهم الا نزلت عليهم السكينة وغشيهم الرحمة وحفتهم الملائكةوذكرهم الله فيمن عنده))**رواه مسلم وابوداود.

**واتە:...وەهیچ کەسانێك نیە لەماڵێك لەماڵەکانی خوای گەورە کۆببنەوەو قورئان بخوێنن و لەناو یەکدا باسی بکەن و شی بکەنەوە ئیللا ئارامی دائەبەزێ بۆیان و ڕەحمەت دایان ئەپۆشێ وفریشتەکان دەوریان ئەدەن و خوای گەورەش لەلای ئەو کەسانەی کەلای خۆیین باسیان ئەکات.**

## سێ یەم : ووتەی هاوەڵان لەسەر قورئانی پیرۆزو قورئان خوێن :

**١_ عبدالله ی کوڕی مسعودرضي الله عنه ئەفەرمێت:ئەبێت لەسەر قورئان خوێن کەشەو بزانێت کاتێ کەخەڵك خەوتوون،وەڕۆژیش ئاگای لێ بێت کاتێ خەڵك زیادەڕۆیی ئەکەن و بێ ئاگان، وەبگرێت کاتێ خەڵك پێ ئەکەنن،وەوەرعی بێت کاتی کەخەڵك حەرام و حەلاڵ تێکەڵ بکەن،وەبێ دەنگ بێت کاتی کەخەڵك قسەلەهەمووشتێکا ئەکەن، وەمل کەچ بێ کاتێ کەخەڵك لووتیان بەرز ئەکەنەوەو فیزئەیان گرێت، وە دڵتەنگ بێت ( بۆ قیامەت) کاتێ کەخەڵك دڵخۆشن**

٢- ئیمامی عومەری كوڕی خەتتاب ﵁ دەفەرموێت : ئێمە كە (دە) ئایەتمان لەبەر دەكرد نەدەچووین هیچی تر لەبەر بكەین هەتاوەكو ئیشمان بەو (دە) ئایەتە نەكردایە ، وە دەگێڕنەوە كە سورەتی (البقرة) ی بە نۆ ساڵ لەبەر كردووە ،وەئەمەش نەك لەبەر ئەوەی كە لەبەر كردنی لاواز بێت و خراپ لیٚ یٚ تێبگات بەڵكو بە هۆی ووردبینی و جیٚ بە جیٚ كردنی فەرمانەكانی ئەوەندەی پیٚ چووە .

٣- عبد الله ی كوڕی مسعود (﵁) دەفەرموێت : لەبەر كردنی قورئان بەلامانەوە قورس و گران بوو ، بەڵام جیٚ بەجیٚ كردن و ئیشكردنی زۆر لامان ئاسان بوو ، بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە لەبەر كردنیان بەلاوە ئاسانە بەڵام جیٚ بەجیٚ كردنیان بەلاوە قورس و گرانە

٤- ئیمامی عوسمانی كوڕی عەففان و حوزەیفەی كوڕی یەمان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لیٚ بیٚ دەفەرموون :( لو طهرت القلوب لم تشبع من قراءة القرآن .... ) واتە : ئەگەر دڵەكان پاك بن ئەوا تێر ناخۆن لە خوێندنی قورئان .

٥- عبد الله ی كوڕی مەسعود (﵁) فەرموویەتی : ( إذا أردتم العلم فانثروا القرآن فإن فیه علم الأولین والآخرین) .

واتە : ئەگەر زانستان دەوێت لە قورئاندا بگەڕێن ، چونكە زانستی پێشینان و دوای پێشینانی تێدایە .

٦- ئەنەسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) فەرموویەتی : (رب تال للقرآن والقرآن يلعنه ) واتە : زۆر قورئان خوێن هەیە قورئان نەفرەتی لێ دەكات .

٧_ عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه ئەفەرمێت:سەردەمێکی زۆر ژیایین وەیەکێ لەئێمە ئیمانی پێئەدرا پێش قورئان جاسورەتێ دائەبەزی بۆ محمد صلى الله عليه وسلم حەلاڵ و حەرام ئەمرو نەهی و ئەوەش کەئەبێت تیایدا بوەستی و بیری لێ بکەیتیەوە ئەیزانی.پاشان من پیاوانێکم بینی هەریەکێ لەوان قورئان پێش ئیمان فێر ئەبوو،جا لەفاتحەوە بۆ کۆتایی ئەیخوێندەوەو حەلاڵ و حەرام ئەمرو نەهی و ئەوەش کەئەبێت تیایدا بوەستی و بیری لێ بکەیتەوە نەیئەیزانی،وەکو ئەوەی کەشتێك هەڵ لوشێ ئاوا قورئانی ئەخوێندەوە.

## مەبەست و بەروبوومی قورئان خوێندن

دەبێت قورئان خوێن بەهەموو هەستێکەوە کاریگەر بێت و بژێتەوە لە کاتی خوێندنەوەی قورئان و تێگەیشتنی و هەڵسوکەوت لە گەڵ کردنیدا ، وە نابێت ئامانجی قورئان خوێن ، تەنها پاداشتی خێرەکەی بێت و بەس چونکە ئەگەر ئیخلاصی خوای گەورەی تێدا بێت ، پاداشت و خێر بە دڵنیایەوە (إن شاء الله ) دێتە جێ ، وەکو چۆنیش نابێت ئامانج لە خوێندنەوەی تەنها پەروێز کردنی هۆش و بیر بێت بە

زانست و ڕۆشنبیری و شارەزای و بەس ، چونکە تەنها شارەزا بوون و ڕۆشنبیر بوو پێی هیچ ڕەفتارو کردەوەو پەیوەست بوونێکی لێ نابێتەوە ، هەر وەکو کە ناشبێت ئامانج لێی ڕوپامایی و خۆدەرخستن بێت خوا پەنامان بدات ، وە چەندەها شتی تریش هەن کە ئامانجی هەڵەن لە قورئان خوێندن .

لەسەر قورئان خوێن پێویستە هەموو شعورو هەستی خۆی تێبگەیەنێت کە قورئان ڕابەرێکی چالاکە بۆ ژیانی ، وە پێویستە هەموو ئامێرەکانی لاشەی ڕابێنێت لەسەر ئەو ڕاستی یە ، ئەم هەست و لاشەیەی ببەستێت بەیەکەوە و بیگۆڕێت بۆ بەرنامەیەکی چالاکی ڕۆژانەی ، وە دەبێت مامۆستاو قودوەی ئەم کارانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێت ، وەکو چۆن دایکی ئیمان داران عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت باسی پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆدەکات و دەفەرموێت ( كان خلقه القرآن) واتە : خووڕەوشت و کردەوەکانی وەکو قورئان بووە .

وە هەروەها دەبێت هاوەڵانیش ﭫ بە قودوەی خۆی بزانێت ئەو هاوەڵانەی کە کاتێك قورئانیان پێدەگەیشت و دەیان بیست یەکسەر جێ بەجێیان دەکرد .

هەروەها لەسەر قورئان خوێن پێویستە هۆکارەکانی قورئان خوێندن و ، مەبەستەکانی تێکەڵاو نەکات ، هۆکارەکانی لێ نەبێت

بەمەبەستەکانی ، چونکە ئەوەی قورئان خوێن لە کاتی قورئان خوێندندا جێ بە جێی دەکات هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی بگات بەمەبەستی دیاری کراو ....

چونکە قورئان خوێندن و ، بیرلێکردنەوەی و ، تێڕامان لێی و ، ئەوەی کە بەدەست دێت لەو ڕاستی و زانیاریو دەرخستانە و خوێندنەوەی تەفسیرو ژیانەوە لە گەڵ قورئان دا ئەگەر چی چەند ساعاتێکیش بێت ، ئەمە هەمووی لەوە دەرناچێت کە چەند هۆکارێکن بۆ گەیشتن بەمەبەست ، وە ئەگەر بڵێیت ئەوەندە کە بتوانم تەنها ئەو هۆکارانە جێبەجێ بکەم ، ئەوا ئەو کات هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ قورئاندا زیندوو بیت و لە گەڵیدا بژێیتەوە ، وە هەرگیز هەست به هەڵسوکەوت کردنی و کاریگەری قورئان ناکەیت ، چونکە بەڕاستی ئەو بەرووبومەی کە قورئان خوێن لە قورئان وەری دەگرێت ، نایەتە جێ هەتاوەکو ئەو مەبەستانە نەیەتە جێ کە قورئانی پیرۆز دیاری کردوون بۆ ئیماندار و دەفەرموێت : ﴿ أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِّن رَّبِّهِ فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ * اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ (٢٢-٢٣) سورة الزمر .

واتە : جا ئایا ئەو كەسەی كە خوای میهرەبان سینەی گوشاد كردووە بۆ ئیسلام و لەسەر ڕێبازی نوورو ڕوناكی پەروەردگاریەتی ، (وەك ئەو كەسە وایە كە پێچەوانەیە ؟) هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی كە دڵیان ڕەقە لە ئاستی قورئان و یادی خوادا ، ئا ئەوانە لە گومڕاییەكی ئاشكرادا گیریان خواردووە . خوای گەورە جوانترین و پیرۆز ترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە كە ئەم قورئانەیە ، (لە جوانی داڕشتندا) بابەتەكانی لەیەك دەچن ، هەندێك باسیشی بە شێوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە ، جا كاركردی ئەم قورئانە ئەوەیە : تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو كەسانەدا كە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و دەروون دا هەیە ، پاشان گیان و پێست و دڵیان نەرم و ئامادەو چالاك دەبێت بۆ یادی خواو خواپەرستی ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنمووی خوایە كە هەركەس شایستە بێت هیدایەت و ڕێنمووی دەكات بۆ ئەو پلەو پایە بەرزانە ، ئەوەش كە ڕێبازی خوا ون بكات كەس نی‌یە ڕێنمونی بكات .

بەڕاستی پاش جێبەجێ كردنی ئەو هەموو هۆكارانە مەبەستی لێ‌ی هیدایەتە بەو مانایەی لە كۆتایی دوو ئایەتەكە دا چونیەكی قورئان خوێن و باسكردنی ئەو كەسانەی كە هەڵدەسن بە خوێندنەوەی بەشێوەیەك كە كاریگەر و گۆڕانكاری و كاردانەوەی لەسەریان هەیە ، دووەم شت باسی بەرووبوومی خوێندنی قورئانمان بۆ ڕوون

دەكاتەوە وە داوا لە ئیمانداران دەكات كە ئاگایان لەو مەبەستە بێت كە خوای گەورە لە خوێندنەوەی كتێبەكەیدا بۆمـان ڕوون دەكاتـەوە كە ئاگایان لێـی بێـت و هـەوڵ بـدەن بـۆ بەدەسـت هێنـانی ، ئـەویش هیدایـەت و ڕێنمـوونی خـوای گەورەیـە ، پاشـان خـوای گـەورە لـە ئایەتێكی تـر مەبەسـتێكی ترمـان بـۆ دیـاری دەكـات و دەفـەرموێت :

﴿ أَوَ مَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ سورة الأنعام (١٢٢).

واتە : ئایا ئەو كەسەی كـە مـردوو بـوو (بـە هـۆی بـێ باوەڕیـەوە)، ئینجا (بە هۆی ئیمانەوە) زیندوومان كـردەوە و نـوورو ڕوناكیمـان بـۆ ساز كرد لە ژیاندا (كە قورئانە) لە ناو خەڵكیدا پێی دەڕوات و هەڵس و كەوتی پێدەكات (هاندەرێتی بۆ هەموو چاكەیەك و دەیگێڕێتەوە لـە هـەموو خراپەیـەك ، ئایـا ئـەو كەسـە) وەكـو ئـەوە وایـە كـە لـەناو تاریكیەكانـدا گـیری خـواردوە و لێـی دەرناچـێت ، هـەروەها ئـا بـەو شـێوەیە كـە دەبینرێـت ئـەو كـارو كـردەوەی كـە دەیكـەن بۆیـان ڕازێنراوەتەوە .

بەڵێ مەبەستی دووەم : ژیانێكی سەربەرزانەو ، بەڕێزە كە شایسـتەی مرۆڤی ئیماندار بێت بۆ ئـەوەی بەرەكـەت بكەوێتـە تەمەنیـەوە دڵـی پاك ببێتەوە و سەری بەرز بێت لە دنیاو دوارۆژیشدا ، چونكە دەبێـت

قورئان خوێندن له ژيانيدا مەبەستێكی هەبێت و ئەويش بە هۆی هەڵسوكەوت كردنەوە له گەڵ قورئاندا دەبێت ، بوونی ئەم مەبەستانە و بەروبوومی قورئان هەمووی بە هۆی كاريگەری قورئانەوە هەرشتێكی تريش دەيگرێتە بەر بۆ ئەم مەبەستانە تەنها هۆكارن .

# تێگەيشتنگەلێكی بنچينانە بۆ ئەو كەسەی دەيەوێت كاريگەر بێت بە قورئان

١- تێڕوانينی بۆ قورئان تێڕوانينێكی جوان بێت ، بە شێوەيەكی وا سەيری بكات ، كە پەرتوكێكی گشت گيرەو پەيڕەوێكی تەواوە بۆ ژيان و بەبێ هيچ كەم و كوڕيەك لەو پەيڕەوەدا ، ئەو ڕووەی كەسەيری دەكات ، يان ئەو وێنەيەی كە بۆ قورئانی دەكێشێت ڕاستەوخۆ پەيوەست بێت بە چۆنێتی هەڵسوكەوت لەگەڵ قورئاندا و چۆنێتی كاريگەر بوون پێی .

٢- ئاگاداربوون له ئامانجە بنچينەيەكانی قورئان بە جێ نەهێشتنی هيچ لەو ئامانجانە مەگەر هەندێك ئامانجی لاوەكی كە ببنە ڕێگر لە ئامانجە سەرەكیيەكان ئەويش لە ڕاستيدا ئامانج نين ، مادام دەبنە ڕێگر لە ئامانجە سەرەكیيەكان .

**ئامانجـه سـەرەكىيەكانى قورئـانى پـيرۆز خـۆى لـەم خالأنـەدا دەبينيّتەوە :**

أ- ڕێنيشـاندەرە بـۆ لاى خـواى گـەورە و ڕوون كردنـەوەى يـەكخوا پەرستى .

ب- ڕوون كردنەوەى حوكمە شەرعىيەكان بە پىٚى بارودۆخى خەلّكى

ج- دروست كردنى كە سايەتى ئيسلامى پيٚگەيشتوو و سەنگين .

د- دروست كردنى كۆمەلّگايەكى ئيسلامى قورئان ڕەسەن .

هـ- دروست كردنـى سـەركردايەتى ئيسـلامى لەبـەرەى جـەنگ دژ بـە نەفاميەتى دەورو بەرى .

٣- ئاگەداربوون لـە گرنگـى كـاركردنى قورئـان ، كاتێـك كـە ئامانجـە بنچينەيەكانت بۆ دەركەوت لە كاتى خوێندنەوەى قورئاندا ، ئەو كـات دەزانى گرنگى ئەم قورئانە و ناردنى كاركردنێكى ڕاستەقينەيە .

٤- پارێزگارى كـردن لـە كەشـى قورئـان و ، بەشـێوەيەك كـە خـۆت خـەريك نەكـەى بـە هـيچ شـتێكەوە لـە كـاتى قورئـان خوێنـدن دا ، ئاگادارى بـى لـەوەى هـيچ ئـامێرو پێداويسـتىيەكانى وەلاّم دانـەوەت لانەبێت ، بۆ ئەوەى كاردانەوەى لەسەرت نـەبێت و ، كـەش و هـەواى قورئان خوێندنەكەت لىّ تێك نەدات ، چونكە ووتمان ئێمە پێويستمان بە كەشو هەوايەكى تايبەت هەيە بۆ قورئان خوێندن .

٥- متمانـەی تـەواوت بـە دەقـەكانی قورئـان هـەبێت و ، مـل كەچـی هەموو ڕاستیيەكانی بیت و دژی هەموو دژەكانی بیـت ، بـۆ نموونـە : ئەگەر شـتێك ڕووی دا هەنـدێك لـە موسـڵمانان پێچـەوانەی دەقـەكانی قورئـان كاريـان كـرد ، يـان بلێـێن كارێكيـان پێچـەوانەی دەقێـك لـە دەقەكانی قورئان ئەنجام دا ، ئەوە ئەو كات ئێمـە نـاڵێين ئـەو كـارە هەڵەيە لە قورئانەوەيـە ، چـونكە هـەر كـارێكی چـاك كـە موسـڵمانان دەيكەن ئەوە لە قورئانەوەيە بەڵام هەر كارێكی خراپ كە بيكەن ئەوە لە نەفسی خۆيانەوەيە و دوورە لە قورئان .

٦- پەرۆشی واتاكانی قورئان بێـت چـونكە ئەمـە گـرنگترين شـتە بـۆ تێگەيشتن لـە قورئـان ، چـاو لـەهاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ) بكـات كـە چەند بـە پـەرۆش بـوون بـۆ واتاكـانی قورئـان ، هـەر پرسـيار كردنـی ئەوانە لە واتاكان كە ئەمڕۆ ئەم دينە جوانە بۆمان ڕوون بووەتەوە .

٧- قورئان خـوێن ، دەبێـت هەسـت بـەوە بكـات كـە ئـەو ئايەتانـەی دەيخوێنێت ڕووی لەوەو لەگەڵ ئەو قسە دەكات .

٨- دەقەكانی قورئانی پيرۆز پەيوەست نين بە كـات و شـوێنێكەوە ، چـونكە قورئـان دەگـونجێ بـۆ هـەموو كـات و شـوێنێك و بـۆ هـەموو خەڵكيش ، جگە لەوەی كـە چـەند دەقێـك تايبـەت وپەيوەسـت كـراو هەن بە كەسانێكەوە .

٩- نابێت مەبەستی قورئان خوێن زۆر خوێندنی قورئان بێت یان تەواو کردنی لە ماوەیەکی کەمدا ، چونکە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ڕێگرە لە بیرلێکردنەوەو تێڕامان لە قورئان ، وەئەگەر بیر لێکردنەوەو تێڕامان و وورد بوونەوەی لە گەڵ دا نەبێت کاریگەر بوونیش نابێت .

١٠- هەوڵ بدەی هاوڕێیەتی کەسێك بکەی کە هەڵت بنێت بۆ ئەم ئیشە خێرە و ، ڕێنیشاندەرت بێت بۆ هەموو چاکەیەك و ، ڕاستگۆی و ڕەوشت بەرزی و ..... چونکە ئەمانە گەورەترین و قوڵترین کاردانەوەیان هەیە لەسەر خوێندنەوەی قورئان و کاریگەر بوون پێی خوای گەورەش بەمە فەرمانمان پێ دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ سورة التوبة (١١٩). واتە : هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن

# چەند هەنگاوێك بۆ کاریگەر بوون بە قورئان

١- هێنانە کایەی کەشێکی ئیمانی کە دەبێتە هۆی تێگەیشتن و تێڕامان لە قورئان ئەویش بەوە دەبێت کە ڕەچاوی ئادابەکانی قورئان خوێندن بکەی ، کە دواتر باسی ئادابەکانی قورئان خوێندن دەکەین .

٢- خوێندنەوەی قورئان بە شێوەیەکی لەسەرخۆو وەستان لەسەر ئایەتەکان و وورد بوونەوە لێیان .

٣_ تۆمارکردنی ئەوشتانەی کەبەمێشکدا دێ لەواتاکانی لەکاتی خوێندنەوەی یان دوای قورئان خوێندنەوەکە.

٤- خوێندنـەوەی پوختەیـەك لـە تەفسـیر بـۆ زیـاتر ڕوون بوونـەوەی ووشە غەریبەكان، یان بۆ دیاری كردنـی ئـەو مانایانـەی كـە بەلاتـەوە قورس و گـرانن ، یـان بـۆ زانینـی حـوكمێكی شـەرعی تایبـەت .وە ك كتێبی ( زبدة التفسير)ی شيخ محمد سليمان الاشقر.

٥- لە كاتی خوێندنەوەی قورئاندا و بیستنی خێرا هەوڵی ئەوە بدەی بۆ جێبـەجێ كردنـی ، پاشـان پەنـد و ئامۆژگـاری لـە بەسـەر هـاتی پێشینان وەربگری كە لـە پێشیشـدا بگەڕێیتـەوە بـۆ تەفسـیرەكانیان لەوەرگرتنی هەر ئامۆژگاریەكدا .

٦- سوور بوون لەسەر لەبەر كردنی ئەو ئایەتانەی كە دەیخوێنیتـەوە ، هەر وەك چۆن سەلەفی صـاڵحیش هـەر وایـان كـردوە بـۆ نموونـە : عومـەری كـوڕی خـەتتاب (رضي الله عنه) كـە دە ئایـەتی لەبـەر دەكـرد تێنەدەپەڕی بۆ ئایـەتێكی تـر هـەتاوەكو ئـەو دە ئایەتـەی جێبـەجێ نەكردایە لە ژیانیدا .

٧- خوێندنەوەی تەفسیرێكی گـەورە بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەكی زۆر باش لەمانای ئایەتـەكان بكۆڵێتـەوەو زانیـاری تـەواوت لەسـەر مانـای ئایەتەكان هەبێت ، نموونەی ئەو جۆرە تەفسیرانەش وەكو تەفسـیری (ابن كثير و تفسير الطبري و تفسير السعدي و أضواء البيان للشنقطي) وە غەیری ئەمانەش .

# چەند ئادابێك بۆ كاریگەر بوون بە قورئان

ئەم جۆرە ئادابانە هەیانە (واجب)ە و ، وە هەیانە (سوننەت)ە و، وە هەیانە باشتر وایە بكرێت كە بۆچوونی هەندێك لە زانایانە بەلاّم هیچ دەقێكی لەسەر نی‌یە .

**یەكەم : چەند ئادابێك كە پەیوەستن بە ناخی مرۆڤەوە( دلّ ) .**

١-بەنیازێكی پاكەوە و ، بە ئیخلاصەوە قورئان بخوێنێت و مەبەستی خوێندنەكەی ڕازی بوونی خواو پاداشتەكەی بێت ، وە گەورەیی قورئان لەناو دلّی جێگیر بكات ، چونكە هەركاتێك ترسی خوا لە دلّت دا بێت ئەو كات زیاتر گەورەیی و خۆشەویستی خوات لە دلّدا جێگیر دەبێ و لەوەشەوە زیاتر گەورەیی قورئانت بۆ دەردەكەوێت ، بەلاّم زۆر ووریاش بیت لەوەی كە دەیخوێنیتەوە قسەی مرۆڤێك نی‌یە وەپاشان هیچ پلەو پایەیەكی دنیایت لە قورئان نەوێت .

ابن مسعود (رضي الله عنه) فەرموویەتی : هەركاتێك بەندە وای لیّ هات داوای هیچ لە نەفسی خۆی نەكات تەنها قورئان نەبێت ئەو كات قورئانی پیرۆزی خۆش دەوێت ، وە هەر كاتێكیش قورئانی خۆش ویست ئەوا خواو پێغەمبەری خوا ( ﷺ) خۆشیان دەوێت .

٢- **پەشیمان بوونەوە لە گوناهو دووركەوتنەوە لەتاوان** :چونكە تاوان بەگشتی ڕۆشنایی ئیمان دەكوژێنێتە لەدلّ و دەم و چاوودا و

دلّ بەتــەواوی سســت و لاواز دەكـات و نەخۆشــی دەخـات، وە دلّـی نەخۆشیش دورترینی دلّەكانە بۆ كاریگەربوون بە قورئان،

وە لەڕووی تایبەتیشەوە پێویستە لەسەر بەندە كە ئەندامانی كاریگەر بوو بە قورئان دوور بخاتەوە لە هەموو گوناهێك ، ئەندامانەكانی وەكو دلّ و گویّ و زمان و چـاو، بـەكار هێنـانی ئـەم ئەندامانـە لـە حەرامـدا دەبێتە هۆی سود وەرنەگرتن لە ڕاستی و حەق، وەمەترسی دارترین و گەورەترین تاوان كە ئەبێتە پردێكی ڕێگر لە كاریگەربوون بە قورئـان و تێڕامان لیّ ی بریتی یە لە :

**گویّ گرتن لە گۆرانی و مۆسیقا و ئامێرەكانی ڕابواردن كە دەبێتە هۆی داخستنی دلّ بە بەڕووی قورئاندا** ئەئەمانە لـە گـەورەترین فێلّـەكانی دوژمنـی خـوا شـەیتانە كـە دەتوانێـت بـە هۆیـەوە زۆر بەئاسـانی لـە خەلّكی نزیـك بێتـەوەو دووریـان بخاتـەوە لـە خوێندنـەوەی قورئـان و لێتێگەیشتنیو كاریگەر بوون پێی.

٣- دلّـت بـە جـۆش و ئامـادە بێـت و دوور بكەویتـەوە لـە قسـەكردن لەگەلّ دەروونت و دەستتیش بپارێزیت لە وەی كەشـتێك ببێتـە هـۆی خـەریك كردنـت و هـۆش لێنـەمانت و چاویشـت نـەگێڕیت بـە هـیچ شوێنێكدا مەگەر لەكاتی پێویست دا نەبێت.

٤- تێڕامـان لـە قورئانەكـەو هـەولّ دان بـۆ ئـەوەی بتـوانی ماناكـان بەتەواوەتی لای خۆتەوە وەربگریت، چـونكە قورئـان فـەرمانی خـوای

جیهانیـانی تێدایـه، بۆیـه پێویسـته لەسـەر بەنـدە چـالاك بێـت بـۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکان دوای ئەوەی کەلێیان تێدەگەیت و لێیان تێڕا دەمێنی بەتەواوی.

٥- دڵت لەگەڵ هەموو ئایەتێك بکەوێتـە گـەڕ بەشـێوەیەك شایسـتەی ئەو ئایەتانە بێـت و وورد بیتـەوە لـەواتای نـاوە جوانـەکان و سـیفاتە بـەرزەکانی خـوای گـەورە بـەو شـێوەیەی کـە سـەلەفی صـالّح لیّ ی تێگەیشـتوون، لـەو ڕێیـەوە سـەیری بـارودۆخی پێغەمبـەران و پیـاو چاکان بکەو ،پەندو ئامۆژگاریش وەر بگرە لەبارو دۆخی درۆزنان.

٦- قورئـان خـوێن وا هەسـت بکـات کـە خـوای گـەورە ڕاسـتەوخۆ وتەکانی ڕووی لەوەو بەتایبەتی لەگەڵ ئەویەتی.

٧- بەشێوەیەك هەوڵ بدات کە کاریگەر بێت بەئایەتـەکان و، لـەناخی خۆیەوە وەڵامی ئایەتەکان بداتەوە، بۆ نموونـە کاتێـك کەباسـی ڕۆژی دوایی دەکات ترسێك ڕووی تێ بکات و کاتێـك باسـی بەهەشـت و ئـەو پەیمانانەی خـوای گـەورە دەکـات کـە بەموسـڵمانانی داوە دڵ خـۆش بێت، وە کاتێك کە باسی ناوە جوانەکان و سیفەتە بـەرزەکانی خـوای گەورە دەکـات گـەورەیی خـوای بـیر کەوێتـەوە و بێدەسـەڵاتی خـۆی بیرکەوێتـەوە، وەکاتێـك باسـی بـێ باوەڕەکـان دەکـات بالـە نـاخی خۆیەوە دەنگی نزم بکاتـەوەو ڕقـی لـە ووتـە خراپـەکانیان ببێتـەوە، وەکاتێك باسی بەهەشـت دەکـات بـۆی بـە پـەرۆش بێـت و کـاتێکیش

باسی دۆزەخ دەكات هەوڵ بدات لەناخی خۆیەوە بتوانێ خۆی لێ دوور بخاتەوە، چونكە ئەمە گرینترین مەبەستی مرۆڤە لە ژیاندا كە ژیانێكی كەمی دنیا بگۆڕێتەوە بە ژیانێكی هەتا هەتایی.

٨- وە هەموو یەكێك لەو چاكانە كە ئەنجامیان دەدات وابزانێت كە ئەمە هیچی بەهەوڵ و توانای خۆی نییە چونكە هەموو هەوڵ و توانایەك هی خوایە ،بۆ ئەوەی بە چاوێكی لە خۆ ڕازییەوە تەماشای خۆی نەكات چونكە ئەگەر وابوو ئەوا لەو ڕوانگەوە خۆی لە دەست دەدات.

٩-خۆی بپارێزێت لەوەی كە هەموو قورئان خوێندنەكەی بەوەوە خەریك بكات كە تەنها دڵی لای تەجویدەكەی بێت، ڕاستە قورئان ئەبێ بە تەجویدێكی جوانەوە بخوێنرێتەوە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە تۆ لەواتای ئایەتەكان و تێڕامان لێیان دوور بخاتەوە چونكە ئەمەشیان واجبەو پێویستە.

## دووەم: ئەو ئادابانەی كە ئاشكران.

١- سوننەت وایە لەپێش قورئان خوێندن دەست نوێژت هەبێ وە هەندێكیش دەڵێن واجبە دەست نوێژت هەبێت." عن عمر قال قال رسول الله لا یمس القرآن إلا طاهر" صحیح الجامع(٧٦٥٧)

٢- سواك كردن پێش قورئان خوێندن چونكە دەشبێتە هۆی پاك بوونەوەی دەم و ددان لەهەموو پیسیەك.

٣- واباشه ڕوو بكەیتە قیبلە لەكاتی قورئان خوێندندا چونكە قیبلە بەڕێزترین ڕووگەیە بەڵام ئەگەر ڕویشی تیٚ نەكەی شتێكی لەسەر نی یە.

٤- (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) و (بسم الله الرحمن الرحيم) كردن پێش قورئان خوێندن.

٥- پەیوەست بیت بە قورئان خوێندنەوە بە شێوەیەكی بەردەوام بۆ ئەوەی لەبیرت نەچێتەوەو پێویستیشە ڕۆژێك بەسەرتا تێنەپەڕێت كە قورئانی تێدا نەخوێنیت.

٦- قورئان خوێندنەكە نەپچڕێت بۆ قسانێك كە سوودیان نی یە، وە دووریش بكەوێتەوە لە پێكەنین و قسەی پڕو پوچ. ئیمامی بوخاری لەنافیعەوە بۆمان دەگێڕێتەوە كەعەبدوڵڵای كوڕی عومەری كوڕی خەتتاب كاتێك كە قورئانی دەخوێند قسەی نەدەكرد هەتاوەكو بەتەواوەتی لە قورئان خوێندنەكە تەواو نەبوایە.

٧- دەنگی خۆش بكات ئەوەندەی كە دەتوانێت لەبەر فەرموودەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی :"زينوا القرآن بأصواتكم ، فإن الصوت الحسن يزيد القرآن حُسناً" رواه احمد وابوداود وابن ماجة وصححه الألباني في صحيح الجامع(٣٥٨٠) واتە: بەدەنگەكانتان قورئان بڕازێننەوە چونكە دەنگی خۆش جوانیەكی زیاتر دەدات بە قورئان ، باشترین شێوەش بۆ قورئان خوێندن ئەوەیە كە بە تەرتیل بخوێنرێتەوە تەرتیلیش بە

جۆره خوێندنەوەیەك دەوترێت كە نەزۆر بەپەلە و نە زۆریش خاو بخوێنرێت، بۆیە زانایان ئەم جۆره خوێندنەوەیان زیاتر بەسوننەت زانیوە لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە كە دەفەرموێت ﴿وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا﴾ سورة المزمل(٤) .

ابن عباس دەفەرموێت سورەتێك بخوێنم بە تەرتیلەوە زۆر باشترە لەلام لە خوێندنەوەی هەموو قورئان بە بێ تەرتیل.

پرسیار كرا لە موجاهید سەبارەت بەدوو پیاو كەنوێژ دەكەن بەیەكەوە تەواو دەبن یەكێكیان سورەتی (البقرة)و(آل عمران) دەخوێنێت، وە ئەوی تریان تەنها سورەتی (البقرة) دەخوێنێت فەرمووی: ئەوەی كە تەنها سورەتی (البقرة) دەخوێنێت چاكترە چونكە بە تەرتیلەوە خوێندویەتی .

٨- ڕێزی قورئانەكە بگرێت و لەسەر زەوی داینەنێت و لەشوێنی وا داینەنێت كە شیاو نەبێت بۆ قورئان، ئەگەر یەكێك داوای لێ كرد بۆی نەهاوێت .

٩- هەڵبژاردنی شوێنێكی گونجاو وەكو مزگەوت یان هەر شوێنێكی تر بەڵام دوور بێت لە شتانێك كە ببنە ڕێگر و كەش و هەوای قورئان خوێندنەكە تێك بدات، وەپێویستیشە شوێنێك بێت كە مەلائیكەت دوور نەكەوێتەوە لەو شوێنە وەكو شوێنێك كە وێنەی تێدا هەڵواسرابێت .....

١٠- هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاوو پیرۆز کە تێیدا لافاوی بەڕەحمەتی خوای گەورەی تێدا ببارێت باشترین کات بۆ قورئان خوێندن ئەو کاتانەیە کە لەناو نوێژ دایت، بەڵام لە غەیری نوێژ باشترینیان و گەورەترینیان سێ لەسەر یەکی کۆتایی شەوە وە لە ڕۆژیش دا باشترینیان دوایی نوێژی بەیانی‌یە.

١١- دووبارە کردنەوەی ئایەتەکان بۆ زیاتر تێڕامان و کاریگەر بوون پێی (عن أبي ذر قال قام النبي بآية يرددها حتى أصبح)والآية (إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ).رواه النسائي وابن ماجه

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ شەوی ڕۆژ کردۆتەوە بە دووبارە کردنەوەی ئەم ئایەتە زۆریش لەهاوەڵان و سەلەف ئایەتەکانیان دووبارە کردۆتەوە بۆ زیاتر کاریگەر بوون پێی .

١٢- گریان لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا بەتایبەتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کەباسی سزای خوای پەروەردگار و دیمەنەکانی ڕۆژی دوایی و ناخۆشیەکانی ئەو ڕۆژە دەکات پاشان لەکەم تەرخەمی خۆی بڕوانێت بۆ ئەو ڕۆژە، کە توانای نەبوو بگری با زۆر لە خۆی بکات ئەگەر هەر نەیتوانی بگری با بگری بۆ ئەو دڵ ڕەقی و بێبەشی ڕوحی لەو نیعمەتە خوایە کە دڵەکان دەحەوێنێتەوە وەداوا لە خوای گەورە دەکەین کە بمانپارێزێت لە چاوانێك کە فرمێسك نەڕێژێ دڵانێك کە نەرم نەبن....

١٣- ئەو ئادابانەی کە باسمان کرد کە ئەبێ لە قورئان خوێندا ببێت و ئەبێ لەو کەسانەش دا بێت کە گوێ لەقورئان دەگرن لە گەڵ ئەوەش دا دەبێت ئەو کەسەی کە گوێی لێ دەگرێت قسەنەکات لەکاتی گوێ لێ گرتنی دا وە هەموو لاشەشی بکاتە گوێ بۆی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ سورة الأعراف(٢٠٤).

واتە: هەرکاتێك کە قورئان خوێندرا گوێ ی بۆ بگرن و بێدەنگ بن بەڵکو خوای پەروەردگار بەزەیی پێتان بێتەوە.

# دیاردەکانی کاریگەری قورئان لەسەر خەڵکی

بەڕاستی قورئان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی جائەو کاریگەرییە لەسەر دۆستانی خوا بێت یان لەسەر دوژمنانی ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەش زۆر بەڕوونی لەدوای هاتنە خوارەوەی قورئان دیارە بەکورتیش باسی ئەو دیاردانە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

## یەکەم: کاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر دوژمنەکانی :

**دیاردەی یەکەم:** موشریکەکان لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی یەی کەلەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و قورئان هەیان بوو بەلاَم قورئان هەر کاریگەری هەبوو لەسەریان کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ شەوانی تاریك و موسوڵمانان لەماڵەکانیاندا قورئانیان دەخوێند بەلاَم کەلە

**ڕەقی و خۆ بەزل زانیان و ڕقلێبوونەوەیان لە حەق و ڕاستی ئیمانیـان نەدەهێنا هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ :**

﴿أَمْ يَقُولُونَ بِهِ جِنَّةٌ بَلْ جَاءهُم بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَـارِهُونَ﴾ سـورة المؤمنون (٧٠).

**باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ڕەوشتی کافرەکانی مەکەیە لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خـوا ﷺ لـەپاڵ کەعبـەدا قورئـانی دەخوێنـد و سـورەتی (الـنجم)ی دەخوێنـدەوە کافرەکـانیش زۆر پـێ‌ی کاریگـەر بـوون و گوێیان بۆی شل کردبوو بێ دەنگ ڕامابوون کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە ئەو ئایەتانەی کۆتایی سورەتەکە**﴿أَفَمِنْ هَـذَا الْحَـدِيثِ تَعْجَبُونَ *وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ *وَأَنتُمْ سَامِدُونَ * فَاسْـجُدُوا لِلَّـهِ وَاعْبُدُوا﴾ سورة النجم(٥٩-٦٢).

**واتە : ئایە ئێوە ئەم قسـەو گوفتارانـەتان پـێ سـەیرە ؟! وە پـێ ی پێدەکەنن و گریانتان نایات وە بەردەوام سەرگەرمی ڕابواردن دەبـن و خـۆ گێـل دەکـەن؟! لـە ئـەرك و بەرپرسـیاریەتی دەی کەواتـە بێدار ببنەوەو داچەڵەکێن و سوژدە بۆ خوای بەدیهێنەر ببەن و هەر ئـەویش بپەرستن.**

**پاشـان پێغەمبـەری خـوا سـوژدەی بـردو بـەدوایی دا کافرەکـان و موسـڵمانەکانیش سـوژدەیان بـرد، بەڕاسـتی ئـەو سـاتە ئایەتـەکان ئەوەندە کاریگەر بوو کافرەکانیش خۆیان نەیانزانی چیان کـرد بـەڵام**

کاتێك کەسەریان بەرز کردەوە ئایا دەبێت چی ڕوو بدات؟!! دەبینن و دەزانن ئەوە ڕاستە بەڵام یەکسەر کەلە ڕەقی ڕویان تێدەکات و دەڵێن ئێمە سوژدەمان بۆ خواکەی خۆمان برد و خۆیان بەزل زانی کە ئیمان بهێنن.

خوای گەورەش دەفەرموێ :﴿أَمْ يَقُولُونَ بِهِ جِنَّةٌ بَلْ جَاءَهُم بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾ سورة المؤمنون(٧٠).

**دیاردەی دووەم:** بێباوەڕەکان زۆر هەوڵیان دەدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەحەرەم و ئەو شوێنانەی کە خەڵکی لێ کۆدەبێتەوە دوور بخەنەوە و وەڕێگەیان نەدەدا کە موسڵمانەکان کە بەئاشکرا قورئان بخوێنن بەلام کاتێکیش کە موسڵمانەکان لەماڵەکانی خۆیاندا قورئانیان دەخوێند خەڵکی بە دزیەوە لە پشتی دیوارەکانەوە گوێیان لێ دەگرتن .هەتا نەیانهێشت ئەبوبەکر لەدەرەوەی ماڵەکەیدا قورئان بخوێنێ،چونکە ترسیان لێ نیشت منداڵ و ئافرەتەکانیان موسوڵمان بن بەهۆی کاریگەری قورئان و لەززەتی خوێندنی لای ئەبوبەکر وەك لەصحیحی بوخاریدا هاتووە..

**دیاردەی سێ یەم:** بێباوەڕەکان زۆر توندو تیژ بوون لەسەر ئەوەی کەنابێت کەس گوێ لەقورئان بگرێت و دەیانگوت ئەوەی گوێتان لێ دەبێ تەنها قسەی پڕو پوچە بۆیە ئەو کەسانەی کە دەهاتن بۆ بازرگانی بۆ مەکە خێرا لێیان نزیك دەبوونەوەو بانگیان دەکردن و

پێیـان دەوتـن گـوێ لـەو كابرایـە مـەگرە ئـەوە ئاوهـاو ئاوایـە، بـەڵام ئەمەش ڕێگر نـەبوو لەكاریگـەری قورئـان لەسـەر ئـەو كەسانەی كـە بەقسەشیان دەكردن لێرەشـدا نموونەیـەك بـاس دەكـەین كـە ئـەویش طوفەیلی كوڕی عەمری دەوسی یە كە شـاعیرێكی گـەورە بـووە لـەناو هۆزەكـەی خۆیـدا ، وەجارێكیـان لـەكاتی سـەردانی مەكـەدا بـوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بانگـەوازی خـۆی ئاشـكرا كردبـوو قورەیشـی یەكان مەترسی ئەوەیان بوو كە طوفەیل پێی بگـات و موسـڵمان بێـت پاشـان بـەهرەی شـاعیری خـۆی بخاتـە خزمـەتی ئیسـلام، ئـەو كاتـە دەبێـە بەڵای ناگاهان بەسـەر قـورەیش و بتەكانیانـەوە، لەبـەر ئـەوە دەوریـان داو هـەموو پێداویسـتی‌یەكی ڕابـواردن و شـادی و خـۆش گوزەرانی‌یان بۆ میوان دارێـتی ئامـادەكرد پاشـان دەسـتیان دایـە بـە ئاگاهێنانەوە لە دیـداری پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێیـان ووت: قسـەی ئەو وەكو جادووە، كوڕو باوك، پیاو و ژن لەیەكتری جودا دەكاتـەوە، ئێمەش مەترسی تۆو هۆزەكەتمان لێ نیشتوە بۆیـە لەگـەڵی مـەدوێ و گـوێی لێ ڕامـەگرە !! دەبـا گـوێ لـە طـوفـەیل خـۆی ڕاگـرین تـا پاشمـاوەی باسـەكەمان بـۆ بـاس بكـات دەڵێـت : سـوێند بـە خـوا هێندەیان لەگەڵ ووتم هەتا وام لێ هات سووربووم لەسەر ئەوەی كە نە گوێی لێ بگرم و نەبەدیداری بگەم....

كاتێكیش چووم بۆ كەعبە لۆكەم دەخستە گوێم هەتا هیچ گوێم لە قسەی نەبێت لەوێ بینیم بە پێوە وەستا بوو لە كەعبە نوێژی دەكرد منیش لە نزیكەوە ڕاوەستام ویستی خوا وابوو هەندێ لەوەی دەیخوێنێ گوێبیستی بم ، بەڕاستی قسەی زۆر جوانم گوێ لێ بوو وە زۆر كاریگەریش بووم پێ ی جا بەخۆمم ووت ڕۆڵە دایكم بمرێت سوێند بەخوا من پیاوێكی هۆشمەندو شاعیرم چاك و خراپ لەیەك جیادەكەمەوە ئیتر چی ڕێگری ئەوەم لێ دەكات كە گوێ بیستی قسەكانی ئەو پیاوە بم خۆ ئەگەر ئەوەی هێناویێتی چاك بوو ڕازی دەبم پێی ئەگەر خراپیش بوو وازی لێ دێنم، مامەوە تاوەكو ڕۆشتە ماڵەوە منیش لەگەڵی دا ڕۆشتم باسی خۆمم بۆ گێڕایەوە وە پاشان باسی ئیسلامی بۆ كردم و چەند ئایەتێكی خوێندەوە سوێند بەخوا هەرگیز قسەی لەوە باشترو دادگەرانە ترم نەبیستووە، ئەوە بووە هۆی موسڵمان بوونم پاشان ڕۆشتم بۆ لای هۆزەكەم ئەو قورئانەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی وتبووم پێم ڕاگەیاندن و ئەوانیش موسڵمان بوون.

**دیاردەی چوارەم:** هەندێك لە ئازاو بوێرەكان لە بێ باوەڕیدا زۆر توند بوون لەسەر كوفری خۆیان هەیان بووە شمشێری بەدەستەوەگرتووە هاواری كردوە بۆ ئەوەی ئەم بانگەوازە قورئانییە بكوژێنێتەوە بەڵام لەو كاتانەدا گوێی لە قورئان یان چەند ئایەتێك لە قورئان بووە خێرا

مەسـت بـووەو وەكـو وا هـاتبێ زۆر بـە هێمنـی و هـيچ دژايەتی‌يـەكی لەگەڵ قورئاندا نەبووبێ وە پاش ئەوەی گوێی لـە ڕاسـتێتی قورئـان بووەو قورئانيش كاريگەری تـەواوی لەسـەر پەيـدا كـردووە موسـڵمان بووە وەكو موسڵمان بوونی عومەری كوڕی خەتتاب و سـەعدی كـوڕی معاذ و موسڵمان بوونی سەرۆكی هۆزی ئەوس وبرازاكـەی ئوسـەيدەی كوڕی **حوضە ير** بەتەواوەتی وە چەندەهای تر لە كۆن و نوێدا.

## دووەم: دياردەكانی كاريگەری قورئانی پيرۆز لەسەر خۆشەويستانی خوا

**ديـاردەی يەكـەم:** كاريگـەری قورئـان وای لێ كردبـوون كێبـەركێيان دەكـرد لــە لەبـەر كـردن و خوێندنــەوەی دا ولەنوێـژەكان و غــەيری نوێژەكانيش هەتا ئەو ڕادەيەی وايان لێ هاتبوو خـەويان پشـت گـوێ خستبوو شيرينی نوستنيان لە بير چـووبووەوە لـە خۆشـیو گـەورەی قورئان بەلايانەوە ئەمەش ئەوە نەبوو كە شتێكی كەم بێت لەناويانـدا ، وەكو دەگێڕنەوە كـە بـەناو گـەڕەك و كۆڵانـەكانی هاوەڵانـدا تێپـەڕ ببويتايە گوێت لە هاژە هاژ بوو وەك هـاژەی هـەنگ كـە لەماڵەكانـەوە دێت بە قورئان خوێندن و بەڕێزترين و گەورەترين كـەس ئـەو كەسـە بـوو كـە قورئـانی لـە هـەموان زيـاتر لەبـەر بـوو ، وە ئافرەتـان ڕازی دەبوون كە مارەيەكـەيان تـەنها ئەوەنـدە بێـت كـە پياوەكـەی فێـری سورەتێكی قورئانی بكات .

**دیاردەی دووەم :** كاركردن و جێ بەجێ كردنی فێركردنەكانی،لەهەموو كاروبارەكانیاندا و وازیان ئەهێنا لەهەموو ئەوشتانەی كەپێچەوانەی فێركردنەكانی بێ و ڕێنموونیەكەی دوور بخاتەوە،بەقورئان نەفسیان پا ك ئەبویەوە،لەشیان گەشەی ئەكرد،دەست و گیانیان سەخی ئەبو،هەتا بوونە هاوەڵی قورئان و وایانی لێ كردن وەك دروستكراوێكی تر بۆ خەڵكی بێنە كایەوە كەباوەڕێكی ڕاستیان هەبێت وخواپەرستی یەكی بەهێزو ڕەوشتێك پاك و نەریتێكی بەڕێزو خانەدانێكی چاكیان بێ.

**دیاردەی سێ یەم :** هەوڵدانیان بۆ بلاْو كردنەوەی قورئان و بەرگری كردن لێ ی . جا نیەتیان پاك بوو ڕاستیان كرد لەووەعدەی كەلەسەر قورئان بەخوایان دا، وەلەوانە چاوەڕوان بوو هەتا مردن یەخەی پێگرت،وتێكۆشەرێك بوو لەڕێ ی خوا خۆی و گیانی كردە قوربانی،وە كار گەیشتە ئەوەی كەپێغەمبەرﷺ ئەو سەربازانەی كەخۆیان ئەبەخشی لەگەنجان ڕەتی ئەكردنۆ لەبەر كەمی تەمەنیان وەزۆربەی ئەوانەی كەعوزریان بوو بۆ بەشداری نەكردن ، دواكەوتن لەشەڕ ئازاری ئەدان لەناخەوە.

**دیاردەی چوارەم :** ئەو سەركەوتنە گەورەی كەقورئان بەدەستی هێنا لەهیدایەتی جیهان لەماوەیەكی زۆركەمدا.

# چەند نمونەیەك لە كاریگەری قورئان لەسەر ﴿سەلەفی صالّح﴾

١- (عبدالله)ی كوڕی (عروة)ی كوڕی (زبیر) دەفەرموێت بە دایەگەورەم ئەسمائی كچی ئەبو بەكرم ووت ئایا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك گوێیان لە قورئان بوایە چۆن بوون ؟ ووتی:چاوەكانیان پڕ فرمێسك دەبوو موچڕك بە هەموو لاشەیان دا داهات هەروەكو چۆن خوای پەروەردگار وەسفیان دەكات .

٢- ابن أبي دنیا بۆمان دەگێڕێتەوە لەعبدالرحمانی كوڕی ( حارث)ەوەكەدەفەرموێت ڕۆژێك گوێم لەعبدالله ی كوڕی(حنظلة) بووكاتێك لەسەرجێگا كەوتبوومنیش چووم سەردانم كرد پیاوێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ سورة الأعراف(٤١).

عبدالله دەستی كردبەگریان بەس چی گریانێك ئەوەندە گریا گوومانم برد كەگیانی دەرچووە فەرمووی (لەنێوان چینی ئاگریندان ئەی هاوار) پاشان هەستایە سەرپێیەكانی وویستی بڕوا پێیان ووت:دانیشەفەرمووی باسی دۆزەخ دانیشتنی لیّ حەرام كردم لەوانەیە یەكێك بم لەوان.

٣-شـــەوێكیان عومـــەری كوڕیخـــەتتاب (رضي الله عنه)گـــوێی لـــەپیاوێك بـــوو سورەتی (الطور)ی دەخوێندەوەكاتێك گەیشتە ئەوئایەتەی خواگەورە دەفەرمێت﴿ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ*مَا لَهُ مِن دَافِعٍ﴾ سورة الطور(٧-٨) یەكســـەرعومەر هـــاواری كـــرد ســـوێند بـــەخوای كەعبـــە ڕاســـتە گەڕایەوەبۆماڵـــەوەبۆماوەی یـــەك مـــانگ نـــەخۆش كـــەوت خـــەڵكیش سەردانیان دەكرد نەیاندەزانی نەخۆشیەكی چیە.

٤_محمـــدی كـــوڕی حجـــادە ئـــەڵێت: ووتم بەخێزانەكـــەی حەســـەنی بەصـــری:چـــیت لەحەســـەن بینیـــوە ؟ووتی: بینـــیم قورئانەكـــەی كردەوەو،بینیم چاوی فرمێسكی پیادا ئەهاتـە خـوارەوەو لێوەكـانی نەئەجوولان.

## چەندسوودێكی بەنرخ و چەند ئامۆژگاریەكی بەپێز

١-زۆرپاڕانـــەوەو ملكەچـــی بۆخـــوای پەروەردگاربۆئـــەوەی بـــەهۆی ئەوەوە خوای گەورە ببێتە ڕێنمونی كارت بۆقورئان لەبـەركردن ،وەك محمدی كوڕی واسع ئەفەرمێ: قورئان بێسـتانی خواناسـانە هـەركاتێ شتێكی لێ بكەنەوە پێ ی پاك ئەبنەوە.وەبشـزانەزۆرپاڕانەوە یەكێكـە لەگەورەترین و جوانترین ئادابـەكانی دوعـا كـردن پێغەمبـەری خـواش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویـەتی : (لا يزال يستجاب للعبد ما لم يدع بإثم أو قطيعـــة رحم ما لم يستعجل قيل يا رسول الله ما الاستعجال؟ قال : يقـــول قـــد

دعوت وقد دعوت فلم يستجب لي فيستحسر عند ذلك ويدع الــدعاء)
أخرجه مسلم من حديث ابی هريرةﷺ

(واتــه:خــوای پــهروهردگار وهلاَمــی بهنــدهی خۆیدهداتــهوه ئهگــهر پاڕانهوهكهی بۆ تاوان وپچڕانی سیلهی ڕهحم نهبێت وبهپهلهش نهبێت لێی ووتیان ئهی پێغهمبهری خوا ﷺبهپهلهبوون چیه لێی ؟ فهرمووی :بلێـت هــهرداوام كـرد لــهخوا و هــهرداوام كـرد وهلاَمهكـهیم نــهبینی ، ئــهوكات دوعاكــهی ڕادهگیرێــت وبهســهریدا دهدرێتــهوه ) هــهروهكو چۆنیش وتویانه ههركـهس بـهردهوام بێـت لـهدهرگادان نزیكـه كـهدهر گای بۆ بكرێتهوه .

٢-دهبێت ڕۆژانه قورئان بخوێنیت و لێی دانهبڕێیت وهبهشێوهیهكیش بێـت كهكـهمتر نـهبێت لـهجوزئێك وهپـێش ههمووئیشـهكانتی بخـهیت تهنانــهت پــێش هــهموو زانســتێكیش كــهدهیخوێنیت ،لهبــهركردنی قورئانهكه وات لێنهكات كهببێته ڕێگـر لێـت بـۆ خوێندنـهوهی چـونكه خوێندنهوهی یارمهتی دهرێكی گهورهیه بۆ لهبهركردنیش.

٣- بهردهوام بوون لهسهر خوێندنی زیكرهكانی بـهیانیان و ئێـواران و كاتی خهوتن ،وهههروهها بهردهوام بـوون لهسـهر ئـهو زیكرانـهش كـه مرۆڤی موسڵمان دهپارێزێ له شهیتان چونكه زیكر دوژمنی شهیتانه.

خوای گـەورە دەفـەرمویٚ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَـدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ سورة المائدة(٩١).

چونکە ئەگەر خوای پەروەردگار تۆی پاراست لە شەیتان بە هۆی ئەو زیکرانـەوە ئـەوا وات لیٚ دەکـات کـە بـەردەوام بیـت لەخوێندنـەوەی قورئان و لەبەر کردنی ، چونکە بەڕاستی شەیتان (خوا پەنامان بدات) ئەگەر نەتوانیٚ گوناهی گەورەی وەکو هاوەڵ بڕیاردان بـۆ خـوا پێمـان بکـات ئـەوا هـەوڵ دەدات گوناهـە گـەورەکانی ترمـان پێبکـات ئەگـەر ئەوەشی نـەتوانی ئـەوا هـەوڵ دەدات کـە گوناهـە بچووکەکانمان پـیٚ بکـات ئەگـەر ئەوەشـی نـەتوانی ئـەوا هـەوڵ دەدات کـە دوودڵـی بـۆ دروست بکات لە کارێکـا کـە هـیچ پاداشـت و سـزایەکی لەسـەر نىیـە ئەگـەر ئەوەشـی نـەتوانی هـەوڵ دەدات کـەوات لیٚ بکـات کـە چـاکە گەورەکان نەکات و خـەریکی دەکـات بـە چـاکە بچووکەکانەوە وەکـو ئەوەی کەسێك نوێـژی سـوننەت بکـات لەولاشـەوە نوێـژی جەماعـەت بکرێت ئەم خۆی بە نوێژە سوننەتەکەوە خەریك بکات و گـویٚ نـەدات بـە نوێـژە جەماعەتەکـە، یـان بچـێت شـیعر لەبـەر بکـات و واز لـە لەبەرکردنی قورئـان بهێنێـت بەکـەمی نـەبێت لـەکاتێکا شـیعر قسـەی خەڵکەو قورئان ووتەی خوای گەورەیە.

٤- دوا نەكەوتن لە كۆڕى زانايان بەتايبەتى كۆڕێك كە باسى قورئانى تێدا بكرێت مەگەر عوزرێكى هەبێت.

جا براكەم بڕوانە ئەو پۆزشە (عوزر)ە دەبێت چۆن بێت ئەگەر معامەلەيەكت هەبێ لەگەڵ كۆمەڵێ كەسدا خێرى ٥٠٠٠دۆلارى بۆ تۆ هەبێ ئايا دوا دەكەوى لە بەدەست هێنانى ئەو قازانجە؟؟!

واتە تۆ دەبێ بزانى عوزرەكەت گەورەترە يان كۆڕو مەجليسى زيكرو قورئان خوێندنەكە دەبێ بۆ خۆت بەراوردێك بكەيت لەنێوان كۆڕەكەو عوزرەكەت.

هەندێك خەڵكى هەيە كاتێك بانگ بكرێت بۆ ئاهەنگێك هەر چۆنێك بێت خۆى دەگەيەنێت پێ ى، بەڵام ئەگەر بانگى بكەن بۆ كۆڕيى زانستى پشتى تێ دەكات!! وەهەندێكى تر لە ڕۆژگارى ئەمڕۆدا دەڵێن خۆم دواى دەتوانم بە كاسێت گوێ لە كۆڕەكە بگرم!! بەڵام ئەو فەقيرە نازانێت مەحروم دەبێت لەو هەموو پاداشتە گەورەيە

(عن أبي هريرة قال: ما اجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله عزوجل، ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة وغشيتهم الرحمة وحفتهم الملائكة وذكرهم الله فيمن عنده)رواه مسلم وأبو داود.

٥- وابكەيت كە بتوانى هاوەڵێك لەگەڵ خۆت دا پەيدا بكەى بۆ ئەوەى هەم تۆ وەهەم ئەويش يارمەتى دەرى يەكتر بن بۆ يادى خوا چونكە لەم ڕۆژگارەى ئەمڕۆدا زۆر لەهاوەڵان ئەگەر بانگيان بكەى بۆ

خوێندنی قورئـان یەكسـەر دەڵـێ ئیشـم هەیـە و دەڕوا، بـەڵام ئەگـەر بانگی بكەی بۆ ئەوەی هەندێ قسەی خـۆش و نوكتـەو ....هتـد ئـەوا ناڕوات، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەیت كە هاوەڵێكی چاكت چنگ بكەوێ بۆ ئەوەی ڕێنیشان دەرت بێت بـۆ خوێنـدنی قورئـان بەڕاسـتی ئـەوە گەنجینەیەكی بەنرخە.

٦- ئەگەر نوێژت كرد لەدوای ئیمامەوە بەباشی گوێ بۆ ئەو ئایەتانـە بگرە كە ئیمامەكە دەیخوێنێ وە خۆشت بۆ ئەوە ئامادە بكە كـەگوێ ی بۆ بگریت نەك بۆی ڕاست یكەیتەوە یەڵام ئەگەر لێ ی تێ چوو بۆی ڕاست كەرەوە لەبەر گەورە ڕاگرتنی ووتەی خـوا و پاراسـتنی. ئەگـەر وانەبێت ئەو وەك ئەوە یـە كەلـە ( سـنن ابـن ماجـە) بـە( سـند) ێكـی صـحیح هاتووەلـە(ابـوهریرە﵁)ەوەكەفەرموویـەتی: پێغەمبـەرﷺ فەرموویەتی:" من تعلم العلم لیباهی به العلماء،أولیماری به السفهاء،أو لیصرف بـه وجـوه النـاس الیـه، ادخلـه الله جهـنم".واتـە: هەركەسـێ هەرزانستێ فێربێ بۆ ئەوەی كە شانازی بكات پێی بەسـەر زانایانـەوە یان خۆی دەرخات لای نەزانەكان یان خـەڵكی بـۆ لای خـۆی ڕاكێشـێ خوای گەورە ئەیخاتە دۆزەخەوە.

٧- بزانـە كـە لەبـەر كردنـی قورئـانی پـیرۆز سـەرەتای هـەموو زانسـتەكانە، وەهـەر ئایـەتێك كـەتۆ لەبـەری دەكـەیت دەرگایـەكی

كراوەیە بۆ لای خوای گەورە، وەهەر ئایـەتێکیش لەبـەر نەکـەیت یـان لەبیرت بچێتەوە دەبێتە دەرگایەکی داخراو لەسەرت.

ئەئەمە دۆخی تۆیە لـەنێوان خـۆت و خـوای گـەورەدا، وە بشـزانە کـە موسڵمان ئەگەر پڕ هەموو دنیا ئاڵتونی بدەنێ و بۆی دەستەبەر بکەن ئەوا هێشتا ناگاتە لەبیر چوونەوەی سورەتێکی کورتی قورئان، بەڵکو ناگاتە حەرفێك لە قورئان.

بۆیە پێویستە زیاتر گەرم و گوڕ و سوور بین لەسـەر لەبـەرکردنی ئـەو سوورەتانەکەی کە لەبەرمان نیـیەو هـەروەکو چـۆن سـوورین لەسـەر لەبەر کردنی سوورەتەکورتەکان.(هەندێ لەزانایان بەباشیان نـەزانیوە کەبوترێ بچوکترین سورەت لەقورئان چونکە قورئان بچووکی تیا نیـە بەڵکو بوترێ کورتتریت سورەت.)

٨- هەوڵ بدە لەکاتی قورئان خوێندندا دەست نوێژێکی چـاك بگریـت مەبەست لە دەست نوێژێکی چاك ئەوەیـە کـە وەکـو چـۆن پێغەبـەری خوا ﷺ دەست نوێژی گرتووە تۆش هەر بەو شێوەیە بیگرەو هـەموو سوننەتەکانیش جێ بەجێ بکە بە پێی توانا.

٩-تەوبـە کـردن وداوای لێ خـۆش بـوون کـردن لـە خـوای گــەورە بەبەردەوامی ، چونکە هـۆی سـەرەکی بـۆ لـەبیر چـوونەوەی قورئـان گوناهو تاوان کردنە هەروەکو عبدالله ی کوڕی مەسعود فەرموویـەتی : (إنـي لأحتسـب أن ينسـى العلـم قـد عَلِمَـه بالـذنب يعلمـه) واتـە مـن

وادادەنێم كە ئەگەر فێری زانستێك بووی ئەوا لەبیرت ناچێ مەگەر بە هۆی تاوانەوە نەبێت كە بیكەی (جامع بیان العلم وفضله).

**ئیمام ئەبو حەنیفە** ڕەحمەتی خوای لێ بێ هەركاتێك كێشەیەكی لەمەسەلەیەكدا بۆ دروست ببوایە بە هاوەڵەكانی دەفەرموو ئەوە هیچ شتێك نییە كە ئەو كێشەیەم بۆ دروست دەكات ئیلا گوناهێكە و كردوومە پاشان داوای لێ خۆشبوونی دەكرد وە جاری وا هەبوو هەڵدەسا نوێژی دەكردو دەپاڕایەوەو خێرا كێشەكەی بۆ چارەسەر دەكرا پاشان دەیفەرموو تكام وایە خوای گەورە تۆبەكەی لێ وەرگرتبم ئەمانەی بۆ فضیل ی كوڕی عیاض باس كرد دەستی كرد بە گریانێكی زۆر و فەرمووی ئەئەوە لە كەمی گوناهییەوەیە بەلاْم غەیری ئەو ئاگای لەوە نی یە(طبقات الحنفیة) لعلی القاری(٢/٤٨٧)..

وەلە(تذهیب والترهیب) ی ابن حجر باسی وكیع ی كوڕی جراحی كوفیمان بۆ دەكات كە یەكێكە لە پێشەوا گەورەكان دەڵێت خەڵكی كاتێك شت لەبەر دەكەن بە قورسی بۆیان لەبەر دەكرێت زوو لەبیریان دەچێتەوە بەلاْم ئەم كە شتی لەبەر كرد زۆر بەئاسانی دەچەسپێت لە مێشكیدا.

**علي كوڕی خشرم** دەفەرموێ هەموو كاتێك كە وكیعم دەبینی هیچ كاتێك نەمبینیوە كتێبی پێبێت بەڵكو خێرا هەمووی لەبەر دەكرد بۆیە

پرسيارم لێی کرد چی شتێت باشه بۆ ئەوەی مێشکم باش بکات بۆ لەبەر کردن فەرمووی: وازهێنان له گوناه و تاوان .

**إبن القيم** ڕەحمەتی خوای لێ بێ له کتێبی فوائد دا فەرموویەتی : (تاوان بریندار بوونه زۆریش لەبرینەکان دەبنه هۆی کوشتن)وه دەفەرموێ بەنده توشی هیچ سزایەك نابێت که گەورەتربێت لەدڵ ڕەق بوون و دوور کەوتنەوه له خوای گەوره دوورترینی دڵەکانیش له خوای گەورەوه دڵێکه که بەتاوان ڕەق بووبێت.هەرکاتێکیش دڵ ڕەق بوو فرمێسکی چاوان ووشك دەبێت .

هۆی دڵ ڕەق بوونیش چوار شته ئەگەر بەکاریان بێنیت زیاد له پێویست ئەوانەش : (خواردن و خەو و قسەکردن و تێکەڵاوی)کردن،وه هەروەها باسی شوێنەوارەکانی تاوانکردنمان بۆ دەکات له ( **جواب الكافي لمن سأل عن دواء الشافي**) و دەفەرموێ: بێ بەش بوون له زانست چونکه زانست نورێکه خوای گەوره دەیخاته نێو دڵەکانەوه تاوانیش ئەو نوره دەکوژێنێتەوه، کاتێك ئیمامی شافعی لای مامۆستاکەی (مالك) دەرسی دەخوێند ئیمامی مالك زۆر سەری لێ دەسوڕما لەو هەموو زیرەکی و وریای و جوان تێگەیشتنی له دەرسەکانی، ئیمامی مالك پێی فەرموو: شافعی من وای دەبینم خوای گەوره نورێکی خستۆته نێو دڵتەوه ئەو نوره مەکوژێنەوه به گوناهو تاوان.

**ئیمامی شافعی فەرموویەتی :**

شكوت إلى وكيع سوء حفظي *** فأرشدني إلى ترك المعاصي

وأخبرني بأن العلم نور ***** ونور الله لا يُهدى لعاصي

واتە:شكاتی خراپی **حفظم** كرد لای وەكیعی مامۆستام

پێی ووتم: ڕۆڵە شافیعی وازبهێنە لە (**آثام**)

چونكە بزانە كەعیلم و زانیاری وەكو نوورە

دڵنیاش بە ئەو نوورە لەتاوانكارەوە دوورە

ابن كثير سەبارەت بەم ئایەتەی سورەتی(الشوری) ﴿وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ﴾لە تەفسیرەكەی دا دەفەرموێت:لە ضحاكەوە كە فەرموویەتی: نازانین ئەگەر كەسێك قورئانی لەبەر كردبێت پاشان لەبیری چوبێتەوە مەگەر بەهۆی تاوانەوە بووبێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ....﴾ فەرمووی دەبێ چ بەڵایەك گەورە تربێت لەلەبیر چوونەوەی قورئان.

١٠- ئاگەدار بوون لەوەی كە خۆت لەلا بایی نەبێت و لە خۆت دەرنەچیت بەوەی كە قورئانت لەبەرەو... با فێربوون و لەبەر كردنت تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و بە مل كەچی و ئارامی لەسەر خۆی لەگەڵ دا بێت نەك خۆبەزل زانین.

زاناى گەورە المناوي لە(**فيض القدير**) دەفەرموێت : بەراستى زانست بەدەست نايەت تەنها بە مل کەچى و گوىَ ڕايەڵى نەبێت. مل کەچى قوتابى بۆ مامۆستاکەى سەربەرزىيە بۆى وە خۆبەکەم زانينى گەورەيى يە . **السليمي** دەفەرموێت: چ کەسێکى بوێر هەبوو پرسيار لە ابن مسيب بکات هەتاوەکو مۆڵەتى لىَ وەرنەگرتايە هەر وەکو چۆن مۆڵەت لە ئەمير وەردەگيرێت بۆ پرسيار کردن ، لێرە دا مەبەست پىَى گەورەيى ابن مسيب و مل کەچى پرسيارکەرەکەيە.

ئيمامى شافعى دەفەرموێت: کاتێك لەلاى مالك بووم پەڕەم بەنەرمى هەڵ ئەدايەوە نەبادا گوىَى لە قرتە قرتى بێت.

**وە ربيع** دەفەرموىَ کە قوتابى ئيمامى شافعى بووە سوێند بە خوا قەت ئەوەندە بوێر نەبوومە کە ئاو بخۆم و شافعى سەيرم بکات.

جا سەير بکە خوا ڕەحم بە من و تۆش بکات بزانە پێشينانى ئێمە چۆن بوونە بۆ بەدەست هێنانى زانست، بۆيە دەڵێم ئاگەداربە جارێکى تريش دەڵێم ئاگەداربە کە سەيرى خەڵکى بکەى بە چاوێکى نزمەوە بەوەى کەتۆ قورئانت لەبەرەو ئەوان لەبەريان نىيە بەوە کە تۆ زانست دەزانيت و ئەوان نايزانن ئەئەوە بەلآيە بەلآم چ بەلآيەك!!

١١- بزانە براکەم کە لەبەرکردنى قورئان نيعمەتێکى گەورەيە بەسەر ئەو کەسەى کە کتێبى خوا لەبەر دەکات شايستەى ئەوەيە کە لەناخى دڵەوە سوپاسى خوا بکەيت ئەى ئەو کەسەى کە قورئانت

لەبەرە سوپاس و ستایشی خوابكە لەسەر گەورەیی ئەو نیعمەتەیە هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ سورة إبراهيم (٧).

# چەند یاسایەكی بنچینەیی بۆ لەبەر كردنی قورئان

ئەو كەسەی خۆی خەریك دەكات بەقورئان لەبەر كردنەوە چەند یاسایەك هەیە دەبێت ڕەچاویان بكات، ئەو یاسانەش ئەمانەن:

یەكەم: دڵسۆزی نییەت و ئیخلاصی بۆ خوای گەورە لەگەڵ بوونی مەبەستێكی باش هەتاوەكو قورئان لەبەركردنەكە لەبەر خوا بێت بۆ بەدەست هێنانی بەهەشتی ڕازاوەو نەبڕاوەی خوای گەورە، چونكە هەركەسێك قورئان خوێندنەكەی بۆ خوا نەبێت و بۆ ڕوپامایی و سەروەتی دونیایی بێت ئەوە هیچ پاداشتی بۆ نانوسرێت بگرە ئەو كەسە گوناهباریش دەبێت چ جای پاداشت،

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ *أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ سورة هود (١٥-١٦). واتە: هەركەسێ تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەیەكەی بوێ، پاداشت و هەوڵ و كۆششی ئەو كەسانە دەدەینەوە، ئەوانە لە دنیادا مایە پوچ نابن !! بەلاّم ئەوانە لە ڕۆژی دوایی دا، جگە لە ئاگری

دۆزەخ هیچی تریان دەست ناكـەوێ وە هـەوڵ و كۆششـەكەیان مـادام لەبەر خوا نەبوو تەنها بۆماڵی دنیا بوو هەمووی پوچەڵ و بەتاڵ و بێ نرخە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاء لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا*وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ سورة الإسراء (١٨-١٩).

واتە: ئەوەی مەبەستی لە كردنی كردەوەكانی تـەنها دنیـا بـێ كـە بـە پەلەو خێرایی تێدەپـەڕێ ئێمـە بـە ئـارەزووی كـەس ناكـەین، بـەڵكو هەرچـیمان بوێـت بـە زووی و بەویسـتی خۆمـان، وەبەهەركەسـێ كـە بمانەوێ دەیبەخشین ئەو جۆرە كەسانە واتە دنیا پەرستان دەخەینـە نـاو دۆزەخـەوە بەسـەر زەنشـت كـراوی و ڕاونـراوی، بـەڵام ئـەوەی مەبەستی ئەودنیا بێت و هەوڵ و كۆششی چاكی بـۆ بكـات لـە هـەمان كـاتیش دا ئیمـان دار بێـت، هـەوڵ و كۆششـی ئـەم جـۆرە كەسـانە جێگەی ڕێزو سوپاسە و سوپاسكراون.

ئەبو هورەیرەش (رضي الله عنه) لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمـان دەگێڕێتـەوە كە دەفـەرموێت : (إن أول الناس يقضى يوم القيامة عليه، رجل استشهد. فأتى به فعرفه نعمه فعرفها. قال: فما عملت فيها؟ قال: قاتلت فيك حتى استشهدت. قال: كذبت. ولكنك قاتلت لأن يقال جريء. فقد قيل. ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار. ورجل تعلم العلم وعلمه

وقرأ القرآن. فأتي به. فعرفه نعمه فعرفها. قال: فما عملت فيها؟ قال: تعلمت العلم وعلمته وقرأت فيك القرآن. قال: كذبت ولكنك تعلمت العلم ليقال عالم. وقرأت القرآن ليقال هو قارئ. فقد قيل. ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار. ورجل وسع الله عليه وأعطاه من أصناف المال كله. فأتى به فعرفه نعمه فعرفها. قال: فما عملت فيها؟ قال: ما تركت من سبيل تحب أن ينفق فيها إلا أنفقت فيها لك. قال: كذبت. ولكنك فعلت ليقال هو جواد. فقد قيل. ثم أمر به فسحب على وجهه. ثم ألقي في النار)رواه مسلم فى صحيحه.

**واتە: یەکەمین کەسێك دادگایی دەکرێت لە ڕۆژی قیامەت دا پیاوێکە شەهید بووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش نازو نیعمەتەکانی خۆی پێ دەناسێنێ و ئەویش دانی پێدەنێ، خوای گەورەش پێ دەفەرموێت: دەی باشە چیت تێدا کردوە؟ ئەویش دەڵی : جەنگاوم لە پێناوی تۆدا تاوەکو شەهید بووم ، خواش دەفەرموێت: درۆت کرد ، بەڵکو بۆ ئەوە جەنگت کردوە کە پێت بڵێن ئازایە، ئەویشت پێ وترا، ئینجا فەرمان دەدرێت کە لەسەر ڕوومەت ڕایبکێشن و فڕێی بدەنە ناو دۆزەخەوە،وەهەروەها پیاوێکیش فێری زانست بووە و خەڵکیشی فێر کردووەو قورئانی خوێندووە، ئەویش دەهێنرێت و خوای گەورەش باسی نازو نیعمەتی خۆی بۆ دەکات و بیری دەخاتەوە و ئەویش دانی پێ دەنێ،خوایش دەفەرموێت:دەی باشە**

چیت تێدا کردوە؟ ئەویش دەڵێ فێری زانست بووم و خەڵکیشم فێرکردووەو لەبەر خاتری تۆش قورئانم خوێندە، خوای گەورەش پێی دەفەرموێت: درۆت کرد بەڵکو بۆ ئەوە فێری بووی تاوەکو پێت بڵێن زانایە، قورئانیشت خویندوە تاوەکو پێت بڵێن قورئان خوێنە ئەوەشت لە دنیا پێوتراوە، پاشان فەرمان دەدات کێش دەکرێت و لەسەر ڕوومەتی فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە، پیاوێکیش خوا دەرووی خێری لێ کردۆتەوەو لە هەموو جۆرەماڵێکی پێ بەخشیوە، دەهێنرێت و خوای گەورە باسی نازو نیعمەتی خۆی بۆ دەکات و بیری دەخاتەوە ئەویش دانی پێدادەنێت، خواش دەفەرموێت: باشە چیت کردووە؟ ئەویش دەڵێ : هیچ ڕێگەیەکم نەهێشتۆتەوە کە تۆ پێت خۆش بێت ماڵی تێدا بەخت بکرێت و نەمگرتبێتە بەر لە پێناوی تۆدا، خواش دەفەرموێت: درۆت دەکەیت، بەڵکو بۆ ئەوە وات کرد تاوەکو پێت بڵێن کەسێکی بەخشندە و نان بدەیە، ئەویشت لە دنیادا پێ ووترا، پاشان فەرمان دەکرێت لەسەر ڕوومەتی ڕایبکێشن و فڕێی بدەنە ناو ئاگرەوە.

دووەم : وورە بەرزی پاڵنەری دەروونی: زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت قورئان لەبەر بکەن چونکە دەبێت لە خوێندنەوەدا هەست بە چێژو خۆشی قورئانی پیرۆز بکەن، چونکە قورئان شیرینی‌یەکی تایبەتی هەیە ئەو کەسەش چێژی دەکات کە بەدوایدا

بگەڕێت،بۆ بە دەست هێنانی ئەو چێژەش لە کاتی بەدوا گەڕانیدا دەبێت وورەت بەرز بێت و ئازایەتکی ڕاستەقینەت هەبێت بۆی هەتاوەکو بەدەستی بێنیت و لە دەستت دەرنەچێت.

خوای گەورە باسی ئەو چێژەمان بۆ دەکات کە ئیماندار دەینۆشیێ و دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ سورة الأنفال(٢)

واتە: بێگومان ئیمانداران تەنها ئەوانەن کە هەرکاتیێ ناوی خوا برا دڵیان دادەچەڵەکێت و ڕادەپەڕن، لەوەودوا ئارام و ئاسوودە دەبن و هەرکاتێك ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەر دا خوێندرایەوە ئیمان و باوەڕیان پتەو ترو وورەیان بەرز تر دەبێت،بەڕاستی ئەو ئیماندارانە پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن. وەهەر کاتێك وایان لێهات ئەوا چاویان لەبڕینی کتێبەکەی خوا هەڵنابڕن و لە خوێندنەوەی تێر نابن.

سێ یەم : دیاری کردنی کات و شوێنێکی وا کە چالاك بێت و دوور بێت لە هەموو سەرقاڵی و هیلاکیەك و ئاگادارو ووریا بیت لەوەی کە دەیخوێنیت چونکە زۆرێك هەن بە بچربچڕاوی وسستی قورئان لەبەر دەکەن زۆریش دەست پیێ دەکەنەوە بەلاَم هەر بەسستی بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە هۆیەکەشی ئەوەیە کە بیرو هۆشی لای قورئانەکە نیە بۆیە چارەسەرکردنی تەنها ئاگەدار بوون

و وريا بوونـه لـه خوێنـدنی قورئانەکـه بەتـەواوی و بـەبێ تەمبـەڵیو سستی کردن.

**چوارەم** : دابەش کردنـی کاتـەکانی شـەو و ڕۆژ بـە شـێوازێکی بـاش، دابەش کردنی کاتیش چەند سودێکی هەیە :

أ- زوو چالاك بوونەوەو وورە بەرزی .

ب- نەمانی تەمبەڵی و سستی.

جـ- هەوڵ و کۆشش کردن و وازهێنان لە شتی پڕو پوچ.

**پێنجـەم** : ڕاست خوێندنەوەی و بـاش دانپێنـانی ووشـەکان، ئەمـەش ئەگەر گوێ نەگریێ لە قورئان خوێندنی باش نابێت، بۆیە دەبێت پشت ببەستی بە یەکێك کـە قورئـان و تەجوید بـاش بزانێـت، هـەر چـەندە دەستی بالأتیش هەبێت لـە زمـانی عـەرەبیدا، چـونکە قورئـان تـەنها بەوە فێر دەبیت کە دەماو دەم لێی وەرگری، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەر بەو شێوەیە لـە جـوبرەئیلی وەرگرتـووە و هـەموو سـاڵێ جارێك قورئانی لای جوبرەئیل دەخوێندەوە تاوەکو ئەو سـاڵەی کـە وەفـاتی کرد، ئەو ساڵە دووجار قورئانی بەتەواوەتی بـۆ خوێنـدەوە، هـەروەها هـاوەڵانیش هـەر بـەو شـێوەیە لـە دەمـی پێغەمبـەری خوایـان (ﷺ) وەرگرتـووە وە پـاش ئـەوانیش هــەر بـەو شـێوەیە دەم بـۆ دەم بـە ئێمەش گەشتووە ، وە شتێکی تریش هەیە بۆ یارمەتی دانـت ئـەویش لە ڕێگەی کاسێت و شریتەوە بۆ ڕاست کردنـەوەی هەڵـەکانت ، بـەلام

ئـەوەش ئـەوە ناگەیـەنێت كـە واز لـە قورئـان خوێنـدن بهێنیـت لای مامۆستایەك ، چونكە ئەگەر شریتیش هـەبێت زۆر جـار خـۆت هەسـت بەهەڵـەكانی خـۆت ناكـەیت و شـریتیش هەڵـەت لێ ناگرێـت،وە هـیچ كاتێكیش پشت مەبەستە بەو شریتانەی نوێژی تەراویح.

**شەشـەم** : دیـاری كردنـی ئەوەنـدەی كـە دەتـەوێ لەبـەری بكـەی ،بۆنموونە ڕۆژی ١٠ ئایەت دیاری دەكەی یـان لاپەڕەیـەك یـان حزبێـك یان چارەكە حزبێك یان زیاتر یان كەمتر بەپێی توانای خۆت.

**حەوتەم** : لەبەر كردن بەپێی ئەو بەرنامەیەی كەدات ناوە، واتە نەزیاد لەبەر بكەیت لەوەی كە ڕۆژانە داتناوە نە كەمتریش لەبـەر بكـەیت بـۆ ئەوەی هۆش و هەستت تەنها بەئەوەندەوە خەریك بێـت كـە بـە پێـی بەرنامەكـەت داتنـاوە، وە ئـەوەی كـە ڕۆژانـە لەبـەری دەكـەی لـە نوێژەكانت دا بیخوێنە بەتایبەت لە شـەو نوێـژدا لەگـەڵ ڕەچـاوكردنی چۆنێـی خوێندنەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنوێژەكانیدا .

**هەشتەم** : هەوڵ بدە لەسەر یەك قورئان (المصحف)قورئان لەبەر بكە چونكە مرۆڤ چۆن كە بە گوێگرتن لەبەری دەكات ئاواش بەسـەیركردن لەبەری دەكات و شێوەو وێنەی لاپەڕەكە لە مێشكیدا دەچەسپێت وە دەزانێت كە فلانە ئایەت لە چ پەڕەیەكدایە لە قورئانەكە، بەلاَم ئەگەر هـاتوو هـەر جـارەو لەسـەر قورئانێـك لەبـەری بكـات ئـەوا ناتوانێـت

بەئاسانی شێوەی ئایەتەکە لە مێشکیدا بچەسپێت ولەبەری بکات بۆیە لەبەر کردنی قورئان قورس دەبێت لەسەری.

**نۆیەم :** تێگەیشتن لەواتاکانی ڕێگایەکە بۆ لەبەر کردن: چونکە گەورەترین و باشترین جۆری لەبەر کردن ئەوەیە کە ئەو ئایەتانەی لەبەری دەکەیت ماناکانی بزانیت، وە ئاگات لەوە بێت کە پەیوەندی ئەم ئایەتە بە ئایەتەکەی ترەوە چی‌یە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە قورئان لەبەر دەکات تەفسیری ئەو سورەت و ئایەتانە بخوێنێتەوە کەلەبەری دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەیدا ماناکانی لەگەڵ ئایەتەکان ئامادە بێت لە مێشکدا.

**دەیەم :** ئەگەر سوورەتێکت بە بەش بەش لەبەر کرد مەچۆرە سەر هیچ سورەتێکی تر هەتاوەکو سوورەتەکە لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی بەیەکەوە لەبەر نەکەیت.

**یازدەیەم :** گوێگرتنی بەردەوام: پێویستە کە پشت بە لەبەر کردنی خۆت نەبەستیت، بەڵکو بڕۆ بۆ لای کەسێك کە قورئانی بەباشی لەبەر بێت ، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە بەباشی لەبەرت کردوە، چونکە بۆ خۆت زۆر جار هەڵە دەکەیت و هەستی پێ ناکەیت، چونکە زۆرێك هەن کە تەنها پشتیان بە خۆیان بەستوەو قورئانیان لەبەر کردوە بەڵام زۆر هەڵەیش دەکەن بەڵام ئاگاداری نین.

**دوازدەیـەم : خوێندنــەوەو وتنــەوەی بەبــەردەوامی :پێغەمبــەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:** (والذي نفسي بيده لهو أشد تفلتا من الإبـــل في علقها) متفق عليه.

**واتە: سوێند بەو كەسەی كە گیانی منـی بەدەستە زۆر زوو لەدەست دەردەچێت هەر وەك چۆن ووشـتر ئەگـەر پەتەكـەی لێ بكەیتـەوە زوو لەدەست دەردەچێت.**

**هەروەها عبد الله ی كوڕی عومەر (ڕەزای خوا لە خۆیو باوكی بێت)لە پێغەمبـەرەوە(ﷺ) بۆمـان دەگێڕێتـەوە كـە فەرمویـەتی:** (إذا قـــام صاحب القرآن فقرأه بالليل والنهار ذكره، وإذا لم يقرأه نسيه)رواه مسلم.

**واتە: ئەگـەر قورئـان خـوێن، بەشـەو وڕۆژ قورئـانی خوێنـد ، لـەبیری دەمێنێت ، بەڵام ئەگەر نەیخوێند لە بیری دەچێتەوە.**

**زۆر جـار قورئـان خـوێن ماوەیـەكی كـەم وازی لێ دێنـێ دەبینـی كـە لــەبیری چــووەتەوە، بۆیــە پێویســتە بــەردەوام دەوری بكاتــەوەو شەونخونی بكات بۆ لەبەر كردنی ، بۆیە ئەو كەسەی كە قورئان لەبەر دەكات لای كەمی دەبێت هەموو ڕۆژێك دەوری بكاتەوە.**

**سـیازدەیەم : ئاگــادار بــوون لــەو ئایەتانــەی كــە لەیــەك دەچــن (المتشـابهات) هـەم لـەماناو وەهـەم لـە ووشـەدا ، هـەتاوەكو زیـاتر ئیهتیمامی پێ بدەین لەبەر كردنەكەتیش چاكترو باشتر دەبێت.**

خوای گـەورە دەفـەرموێت :﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَـابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاء وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَـهُ مِـنْ هَادٍ﴾ سورة الزمر(٢٣).

**چواردەیەم : قواستنەوەی ئەو ساڵە ئاڵتونیانە بۆ لەبەرکردن.**

ئەو ساڵانەش لە تەمەنی پێنج ساڵیەوەیە تاوەکو بیست و سیٚساڵی کەلەبەر کردن لەو ساڵانەدا زۆر باشتر و گرنگترە لـە سـاڵەکانی دواتـر چونکە دوایی ئـەوە لەبـەرکردن کـەمتر دەبێـت و تێگەیشـتنیش گـران تردەبێت هەر بۆیە وتراوە

**( الحفظ في الصغر كالنقش على الحجر والحفظ فى الكبر كالنقش على الماء )**

واتە: لەبەر کردن لە تەمەنی منداڵی دا وەکو نەقش وایە لەسەر بـەرد واتە دەچەسپێت و ڕەش نابێتـەوە. وەلەبـەرکردن لەگەورەییـدا وەك نەقش وایە لەسەر ئاو.

# چەند هۆکارو ڕێگایەك بۆ لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز

١–ئەو قورئانەی کـە لەسـەری لەبـەر دەکـات بابەشێوەیەك بێت کـە سەرەتای لاپەڕەکە بە سەرەتای ئایەت بێت و ، کۆتـایی لاپـەڕەکـەش کۆتـای ئایـەت بێـت ، بـا هـەموو سـەرەتای جوزئـەکان لەسـەرەتای پەڕەکانەوە بێت بۆ ئەوەی ئاسان تر بێت بۆ قورئان خوێن و هـۆش و هەستی لای یەك پەڕەیان بێت کە کۆتـای جوزئەکەیـە یـان سـەرەتای

جوزئەكەیە ، لەبەر ئەوەی لە مێشكدا بە شێوەیەك تێكەڵاوی لە ڕووی پەڕەكاندا دروست ئەبێت .

٢- ئەگەر بۆی بكرێت ئەو قورئانەی كە پێیەتی جوزء جوزء كرابێت جا یەك جوزئی بێت یان پێنج جوزئی جیاوازیەكی ئەو تۆی نیە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی لە گیرفانیدا هەڵی بگرێت بۆ كوێی بوێت بیبات لەگەڵ خۆی .

٣- خوێندنەوەی ئایەتەكان لەسەر خۆ : واباشە كە لەسەرەتادا لەسەر خۆی ئایەتەكان بخوێنێ بۆ ئەوەی ئایەتەكان بەگشتی لە مێشكیدا بچەسپێت .

٤- ئەو كەسەی قورئان لەبەر دەكات بۆی بكرێت بەتەنها لەبەری نەكات بەڵكو هاوەڵێكی لەگەڵ بێت و پێكەوە قورئان لەبەر بكەن و پێكەوە بگونجێن لە ڕووی تەمەن و پەروەردەی و خوێندنیەوە .

٥- دابەش كردنی ئەو ئایەتانەی كە لەبەری دەكەیت بە شێوەیەك كە بابەتەكانی ناو ئایەتەكان تێكەڵاو بەیەك نەكەیت بۆ نموونە كۆمەڵە ئایەتێك باسی حوكمێكی سەربەخۆ دەكەن تێكەڵاوی بكەیت لەگەڵ كۆمەڵە ئایەتێك كە باسی بەسەر هاتێ دەكەن ، یان بۆنموونە ئایەتێك بە {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ } دەست پێ دەكات دەگاتە ئایەتێكی تر كە بە {يَا أَيُّهَا النَّاس}ئەمە جیاوازە لە بابەتەكەی پێشوو ئەگەر وات كرد

ئەوا هەردوو لاپەڕەکەت لێدەبێت بەیەك لەوانەیە کە زۆر جار لێت تێك بچێت .

٦-خوێندنی ئەو ئایەتانە لـە نـاو نوێـژدا کەلەبـەری دەکـەیت ،ئەگـەر چەند ئایەتێکت لەبەر کرد خێرا لەناو نوێژەکانت دا بیان خوێنە و هەر جارێکیش لەبیرت چوو بگەڕێرەوە بۆ سەر قورئانەکە و سەیری بکـە ، بەڵام شەو نوێژ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لەبەرکردن ،

خوای گەورە دەفـەرموێت :﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءًا وَأَقْوَمُ قِيلًا﴾ سورة المزمل(٦).

واتە: بەڕاستی شەو بێداری زۆر کاریگەرەو ئاسەواریشی زۆرە .

٧- رێگـای نوسـینەوە : ئەمـەش بـەوە دەبێـت کـە ئـەو کەسـەی دەیەوێت بەباشی قورئان لەبەر بکات یان لەبەر کردنـی خراپـە ئایـەت ئایەت پاش سەیر کردنی قورئانەکەو لەبەر کردنی بە ماوەیەکی کـاتی لەسەر تەختە ڕەشێك یان وەرەقەیەك بینوسێتەوە پـاش ئـەوەی کـە بەتەواوی لەبەری دەکات ئەوجار بڕوات بۆ لەبەر کردنی ئایەتێکی تر.

٨-  پەیوەست بوون بەو بەرنامەیـەی کـە داتنـاوە بۆ لەبـەر کردنـی قورئان ، چونکە هەرکەسێك  کەبیەوێت  قورئان لەبـەر بکـات دەبێـت بەرنامەیەکی دیاری کراوی ڕۆژانەی هەبێت و پەیوەست بێت پێوەی ، ئەو بەرنامەیەش بە شێوەیەك دابنات کە بتوانێت جێبەجێی بکات .

٩- تێگەیشتنێکی گشتی لەواتای ئایەتەکان بۆ ئەوەی کە ئاسان بێت بۆی .

١٠-هەوڵ بدات بەشداری لەو دەورانەی کە بۆ قورئان لەبەر کردن دەکرێتەوە لەناو مزگەوتەکاندا ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ منداڵان .

١١- دووبارە کردنەوەی زۆر : مەبەست لە دووبارە کردنەوە ئەوەیە کە زۆر لە دوایی مامۆستاکەتەوە بیلێیتەوە یان لە دوای ئەو شریتەی (کاسێت) کە گوێی لێ دەگریت و دووبارەکردنەوەی چەند جارێك بۆ ئەوەی ئەو ئاوازی قورئان خوێنە بچەسپێت لە ناخت دا ئەو کات بە ئاسانی لەبیرت ناچێتەوە ، ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ منداڵان .

عبد الله ی کوڕی مەسعود (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرمویەتی : حەفتاو ئەوەندە سورەتم لە دەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەبەر کردوە .

- واتە تەنها گوێی لێبووە نەك بەدەرس خوێندبێتی- .

# ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم قورئان لەبەر کردن

هەندێ شت هەیە دەبنە ڕێگر لەبەردەم قورئان لەبەر کردن و لەبیر چوونەوەی -خواپەنامان بدات- پێویستە ئاگادار و دووربکەوینەوە لێیان ئەوانەش بریتین لە :

١- گوناهو تاوان کردن بە زۆری دەبێتە هۆی لەبیر چوونەوەی قورئان و کوێر بوونی دڵ لە ئاستی یادی خواو قورئان خوێندن دا .

٢- پێدانەچوونەوە و بەردەوام نەبوون لەسەر گوێگرتن و لەبەر کردن .

٣- گرنگی دانێکی زۆر بە کاروباری دنیاو خۆ مەشغوڵ کردن بە شتانێکی سادەو بێسوود .

٤- لەبەر کردنی ئایەتێکی زۆر لەماوەیەکی کەمدا و ڕۆشتن بۆ ئایەت و سوورەتی تر بەخێرایی .

٥- بوونی گڕوتینێکی زۆر لەسەرەتاوەو قورئان زۆر لەبەر کردن کە لەدوایدا ناتوانێت بەردەوام بەو هەستەی پێشووی قورئان لەبەر بکات و تاقەتی نامێنێت وازی لێ دێنێت .

## لەبیر چوونەوەی قورئان و چارەسەرکردنی

١- پاڕانەوەو مل کەچی کردن بۆ خوای گەورە تاوەکو دڵت جێگیر بکات لەسەر لەبەرکردنی کتێبەکەی و ئیش پێکردنی بەو شێوەیەی کە خوا پێی ڕازیيە .

٢- دڵسۆزی (الإخلاص) بۆ خوای گەورە بە قورئان خوێندن بنوێنە .

٣- خۆت یەك لابکەرەوە و هەوڵ بدە بەتەواوی ئیشی پێبکەی و هەرچی فەرمانەکانە بە پێی توانا جێبەجێیان بکە و هەرچی قەدەغەکراوە خۆتی لێ بەدوور بگرەو نەیکەیت .

٤- کە قورئانت خوێند بەو پەڕی دەنگ خۆشی خۆت بیخوێنە .

٥- هەموو ڕۆژێك كەمتر لە نیو جوزء نـەخوێنیت گـەر بـۆت كـرا ئـەوا زیاتر بخوێنە .

٦- ئیش بە فەرمانی ئەم ئایەتە بكە كە خوای گـەورە دەفـەرموێت :
﴿ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ سورة البقرة.

واتە : پارێزگاری خوا بكەن خواش شارەزاتان دەكات خوا بـە هـەموو شتێك زانایە .

٧- لە كۆتایدا .... ئاگاداربە.....ئاگاداربە.....ئاگادار بە لە :

أ- لە خۆبایی بوون و ڕوپامایی .

ب- خواردنی حەرام یان ئەوانەی گومان هەیە لە حەلآڵیان .

ج- گاڵتە كردن بەوانە قورئانیان لەبەر نی‌یە یان نایزانن .

د- تاوان كردن بە گەورەو بچووكەوە .

وازهێنـان لـە بـەردەوام قورئـان خوێنـدن گـەر بـە قورسـترین بـارو دۆخیشدا بڕۆیت .

## ئەو خواردەمەنی یانەی كە یارمەتی دەرن بۆ قورئان لەبەر كردن

ڕاو بۆچـوونی هەنـدێك لـەزانایان بـاس دەكـەین كـە باسـی سـوودی هەندێك خواردنمان بۆ دەكەن كە دەبنە یارمـەتی دەر لـە لەبـەركردنی قورئانی پرۆزدا.

الزّهْريّ فەرموویەتی: ئەگەر هەبێت هـەنگوین بخـۆن چـونكە هـەنگوین بۆ لەبەر كردن و چارەسەركردنە خەڵكی زۆر باشـە بـە دەقـی قورئـان

كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿.... يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءِ لِلنَّاسِ .. ﴾. سورة النحل (٦٩).

واتە: لەو هەنگانەوە شلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کە شیفایە بۆ زۆر نەخۆشی بۆ خەڵکی .

ئەگەر لە جیاتی شەکر لە هەر خواردنێکیش دا بەکاری بهێنی هەر باشە و سوودی هەیە خواردنی زەیتی ڕەشکەش سوودی زۆرە ، و ئەگەر لەگەڵ هەنگوین چەند قەترەیەك تێکەڵاو بکەیت و بەیانیان بیخۆی ئەو ڕۆژە بەخۆشی و مێشکێکی زۆر بەهێزو باشەوە بەسەر دەبەیت ، چونکە دەبێتە هۆی چالاك بوونەوەی لاشەو بەرزبوونەوەی ڕادەی شەکرە لە مرۆڤدا .

وە هاشمی فەرروویەتی : هەر کەسێك حەز دەکات فەرموودەیەك لەبەر بکات ئەوا با مێوژ بخوات چونکە مامۆستاکەمان نایفی کوڕی عەباس ڕەحمەتی خوای لێبێت هەموو ڕۆژێك بیست ویەك دەنکە مێوژی پاکی دەخوارد و پێیشی دەووتین کە ئێمەیش بیخۆین چونکە سوودی زۆرە ، باوکیشم پێی دەووتم خواردنی مێوژ لەگەڵ ئاو مێشك بە هێز دەکات .

پیاوێك هات بۆ لای ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێ بێ) ووتی شتم لە بیر دەچێتەوە چی بکەم ؟ ئەویش پێی فەرموو : شیری سارد بخۆ چونکە ووریای دەدات بە دڵ و وات لێ دەکات کە بەکەمی شتت لەبیر

بچێتەوە . هەروەها فەرموویەتی : هەنار بخۆن چونکە بۆ مەعیدە زۆر چاکە وە یەکێکە لە دەرمانە چاکەکان .

خواردنی ئاوی زەمزەم بە نییەتی ئەوەی کە لەبەر کردنت باش بێت چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : **" ماء زمزم لما شرب له "** واتە : ئاوی زەمزەم بۆ هەر شتێ بیخۆی ئەو شتەت بۆ جێبەجێ دەبێ ، وە زۆرێکیش لە پێشینانی چاك بە نییەتی جیاوازی خۆیان خواردوویانەتەوە خوای گەورەش نیازەکەی بۆ جێبەجێ کردوون . لەوانە :

١- دەگێڕنەوە کە ئیمامی إبن حجر بە نیەتی ئەوە خواردوویەتی کە وەك ئیمامی زەهەبی لێ بێت لە زانستی فەرموویەدا .

٢- ئیمامی سویطی ئاوی زەمزەمی خواردۆتەوە بە نیازی ئەوەی کە لە فیقه دا بگات بە (سراج الدين البُلقيني) و لە فەرموودەشدا بگاتە بە پلەی (إبن حجر العسقلاني) .

لە جۆری خواردەمەنییەکانیش خواردنی ماسی زۆر بەسوودە ، دکتۆر حیان شمسی باشا دەڵێت : ماسی ڤیتامینێکی زۆری تیایە بۆ بەهێز کردنی دەماغی مرۆڤ ئەو لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا دەڵێت : خواردنی زۆر وات لێ دەکات کە مێشکت بێ هێز بێت و کەمتر بتوانیت بیربکەیتەوە هەروەك لە کۆنەوە دەڵێن : سك پڕی زیرەکی لەناو دەبات .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : " ما ملأ آدمي وعاءً شراً من بَطنٍه ، بحَسب ابن آدم أكلات يُقمِنَ صُلبَه ، فإن كان لا محالة فثلث لطعامه، وثلث لشرابه، وثلث لنفسه" رواه الترمذي برقم(٢٣٨٠)وصححه الألباني.

واتە : ئادەمیزاد هیچ قاپێکی پڕ نەکردوە خراپتر لە ورگی ئادەمیزاد چەن پارووە نانێکی بەسە پشتی پێ ڕابگرێت ئەگەر زۆری خوارد ئەوە سێیەکی بۆ خۆراك سێیەکی تری بۆ خواردنەوە سێیەکی تری بۆ هەناسەی.

پڕبوونی مەعیدە باشە بۆ لەبەر کردن بەلاَم بەشێوەیەکی زۆر نا ، خەتیبی بەغدادی فەرموویەتی : ئەو کاتانەی کە برسیمە زۆر بۆم باشترە بۆ لەبەر کردن لەو کاتانەی کە تێرم ، وە ناشبێت خۆت بەتەواوی برسی بکەی چونکە هەندێك لە خەڵکی هەن ئەگەر برسییان بێت هیچیان بۆ لەبەر ناکرێت بۆیە لەو کاتانەدا شتێکی سووك بخۆ ، نەك زۆر خواردن ،

إبن الجماعة فەرموویەتی : زۆر خواردن وات لێ دەکات ئاو زۆر بخۆیتەوە زۆر ئاو خواردنەوەش وات لێ دەکات زۆر بخەویت خەو زۆریش گێژت دەکات و لەبەر کردنت لاواز دەکات و زیرەکیت لێ دەسێنێت و لاشەت تەمبەڵ دەکات وە ئەم شتانەش لە شەرع دا باش نین .

# لە دەرفەتی تەمەن

بەرنامەیەك کە تۆ بە پیٚی توانای خـۆت ڕۆژانـە ئایەتـەکانی قورئـان لەبەر دەبکەیت بۆ ئەوەی ئەم ڕێگەیە بگریتە بەر بەرەو بەهەشت .

| ئەگەر لەبەرت کرد لە ڕۆژێکدا | هەموو قورئان لەبەر دەکەیت لە ماوەی |
|---|---|
| ١ ئایەت | ١٧ ساڵ و ٧ مانگ و ٩ ڕۆژ |
| ٢ ئایەت | ٨ ساڵ و ٩ مانگ و ١٨ ڕۆژ |
| ٣ ئایەت | ٥ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٣ ڕۆژ |
| ٤ ئایەت | ٤ ساڵ و ٤ مانگ و ٢٤ ڕۆژ |
| ٥ ئایەت | ٣ساڵ و ٦ مانگ و ٧ ڕۆژ |
| ٦ ئایەت | ٢ ساڵ و ١١ مانگ و ٤ ڕۆژ |
| ٧ ئایەت | ٢ ساڵ و ٦ مانگ و ٣ ڕۆژ |
| ٨ ئایەت | ٢ساڵ و٢ مانگ و ١٢ ڕۆژ |
| ٩ ئایەت | ١ ساڵ و ١١مانگ و ١٢ ڕۆژ |
| ١٠ ئایەت | ١ ساڵ و ٩ مانگ و ٣ ڕۆژ |
| ١١ ئایەت | ١ ساڵ و ٧ مانگ و ٦ ڕۆژ |
| ١٢ ئایەت | ١ساڵ و ٥ مانگ و ١٥ ڕۆژ |
| ١٣ ئایەت | ١ساڵ و ٤ مانگ و ٦ ڕۆژ |
| ١٤ ئایەت | ١ ساڵ و ٣ مانگ |
| ١٥ ئایەت | ١ ساڵ و ٢ مانگ و ١ ڕۆژ |
| ١٦ ئایەت | ١ ساڵ و ١ مانگ و ٦ ڕۆژ |
| ١٧ ئایەت | ١ ساڵ و ٩ ١٠ ڕۆژ |
| ١٨ ئایەت | ١١ مانگ و ١٩ ڕۆژ |
| ١٩ ئایەت | ١٠ مانگ و ١ ڕۆژ |
| ٢٠ ئایەت | ١٠ مانگ و ١٦ ڕۆژ |
| یەك لاپەڕە | ١ ساڵ و ٨ مانگ و ١٢ ڕۆژ |
| دوو لاپەڕە | ١٠ مانگ و ٦ ڕۆژ |

ئەوەشـت لـەبیر نەچـێت هـەر پیتێـك كـە لـە قورئـانی پـیرۆزدا دەخوێنیتەوە خێرێکە و بە دەخێر بۆت دەنوسرێت بۆ نموونە بسم الله الرحمن الرحيم (١٩) پیته بـه (١٩٠) خێـر بـۆت دەنوسـرێ !...بـەڵێ تەنها بسم الله .... چ جای ئەو هـەموو ئایەتانـەو دووبـارە کردنـەوە و لەبەر کردنیان ، بەڕاستی هەلێکەو بۆ تەمـەن هەڵکـەوتووە ، چـونکە هەندێ تەرازوو هەن لە ڕۆژی دوایدا پێویستیان بەتەنها چاکەیەکە بـۆ ئـەوەی ڕزگـاری بێـت و بـڕوات بـەرەو بەهەشـت ، خـوای گـەورە بێبەشمان نەکات لەو ڕێگەیەی کە پێـی دەچـین بـۆ بەهەشـت خـوای گەورە پشتیوانمان بێت و ڕاستی و ئیخلاصمان پێ ببەخشێت . آمین

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

===============================


www.ba8.org

سایتی بەهەشت

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

١٤٢٨ ك

Ba8@maktoob.com

## سەرچاوەکان

* القرآن الكريم

* مفاتيح للتعامل مع القرآن / صلاح الخالدي

* التبيان في آداب حملة القرآن / النووي

* مناهل العرفان في علوم القرآن / محمد الزرقاني

* تيسير التجويد / محمد أحمد فراخ

* حق التلاوة / حسني شيخ عثمان

* مختصر منهاج القاصدين / ابن قدامة المقدسي

* كيف نتأدب مع المصحف / محمد رجب فرجاني

* البرهان في تجويد القرآن / محمد الصادق قمحاوي

* تجويد القرآن أسسه وتطبيقاته / عامر سعيد

* فضل القرآن / صلاح عبس

* فضائل القرآن الكريم / عبد الله الجار الله

* فن التجويد / عزة عبيد دعاس

* التخويف من النار / ابن رجب الحنبلي

* فضائل القرآن وحملته في السنة المطهرة/ محمد موسى نصر

*كيف نتدبر القرآن / فواز أحمد زمرلي

* كيف تحفظ القرآن ؟ محمد الحبش

* القواعد الذهبية لحفظ القرآن

* الفوائد لابن القيم

* الجواب الكافي لابن القيم

* صحيح الجامع الصغير وزيادته / الألباني

**لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر**

====================

# ناوەڕۆك

**پێشەكی** ........................................ ٤
**پێناسەی قورئانی پیرۆز** ........................................ ٨
**جۆرەكانی وازهێنان و پشت گوێ خستنی قورئان** ........................ ٩
**چاكەكانی قورئانی پیرۆز و خوێنەرانی** ........................ ١١
**یەكەم** : ئەو ئایەتانەی كە هانمان دەدەن بۆ خوێندنەوەی قورئان و تێڕامان لێی و كاریگەر بوون پێی :
**دووەم** : چەند فەرموودەیەك كە هانمان دەدەن بۆ خوێندنەوەی قورئان و تێڕامان لێی و كاریگەر بوون پێی :
**سێ یەم** : ووتەی هاوەڵان لەسەر قورئانی پیرۆزو قورئان خوێن :
**مەبەست و بەروبوومی قورئان خوێندن**............................ ٢١
**تێگەیشتنگەلێكی بنچینانە بۆ ئەو كەسەی دەیەوێت كاریگەر بێت بە قورئان**............................................ ٢٦
**چەند هەنگاوێك بۆ كاریگەر بوون بە قورئان**........................ ٢٩
**چەند ئادابێك بۆ كاریگەر بوون بە قورئان**........................ ٣١
**یەكەم** : چەند ئادابێك كە پەیوەستن بە ناخی مرۆڤەوە(دڵ) .
**دووەم**: ئەو ئادابانەی كە ئاشكران.
**دیاردەكانی كاریگەری قورئان لەسەر خەڵكی**........................ ٣٨
**یەكەم**: كاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر دوژمنەكانی :
**دووەم**: دیاردەكانی كاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر خۆشەویستانی خوا

**چەند نمونەيەك لە كاريگەری قورئان لەسەر سەلەفی صالّح..........٤٥**

**چەند سوودێكی بەنرخ و چەند ئامۆژگاريەكی بە پێز ..................٤٦**

**چەند ياسايەكی بنچينەيی بۆ لەبەر كردنی قورئان .................. ٥٦**

**چەند هۆكارو ڕێگايەك بۆ لەبەر كردنی قورئانی پيرۆز.............. ٦٥**

**ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم قورئان لەبەر كردن................ ٦٨**

**لەبير چوونەوەی قورئان و چارەسەركردنی............................ ٦٩**

**ئەو خواردەمەنی يانەی كە يارمەتی دەرن بۆ قورئان لەبەر كردن..... ٧٠**

**لە دەرفەتی تەمەن ................................. ٧٤**

**سەرچاوەكان .........................................٧٦**

**ناوەڕۆك.......................................................... ٧٧**

==============================

## لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته